# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (163) بەرواری 15-3-2024 | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێكدا دەردەچێت


## ماركسیزم و پراكتیكی شۆڕشگێڕانە:
## دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لینین

بەشی یەكەم... ل9

## وتەی ژمارە

بڕیارەكانی دادگای فیدرالی و خۆشباوەری بەدەسەڵاتی بەغدا!!

هیچ بەڵگەیەك پێویست نییە كە دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی كورد، دەسەڵاتێكی میلیشیایی و تاڵانچی و بۆماوەیی، سەركوتگەر و دژی ئازادیی و ناتەبا بە مافە زۆر سەرەتاییەكانی چینی كریكار و سەرجەم جەماوەری بێبەشی كوردستانە. دەسەڵاتێكە بەوینەی كۆمپانیایەكی چاوچنۆك تەنها وێڵە بەدوای تاڵانی و كەڵەكەی سەرمایە بۆ حزب و بنەماڵە دەستڕۆشتوەكانی و لەو راستایەشدا سڵ لە هیچ خۆشخزمەتی و نۆكەر پیشەیەك ناكاتەوە. هەر ئەو راستیەشە وای كردووە كە چینی كریكار و جەماوەری بێبەشی كوردستان نەك ئەم دەسەڵاتە بەهی خۆیان نەزانن، بەڵكو رەتكردنەوەو كۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە بۆتە ویستی سەرەكی و وەلانان و رامالینی بە رێگایەك بۆ ئاییندەیەكی باشتر دەبینن.



واقعیەتی دەسەڵاتی سیاسی كورد و كارنامەیەكی نەنگین كە لەماوەی زیاتر لە سێ دەهەی رابردوودا، نیشانی داوە، هەموو ئەو خۆشباوەریانەی رەواندەوە كە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا زوربەی خەڵكی كوردستان ئومیدیان وابوو دەسەڵاتی كوردی، ژیان و گوزەرانێكی باش و ئازادییەكان و مافەكانیان بۆ دەستەبەر دەكات و ئاییندی سیاسی كوردستان و پرسی نەتەوایەتی دەگەیەنێتە مەنزڵگەیەكی ئارام. پێچەوانەی ئەوە بووە واقعیەتێكی تاڵ، واقعیەتیك كە ریشەی لە ناوەرۆكی چێنانیەتی بۆرژوازی دایە. بۆرژوازی چ خۆ وڵاتی بێت یان بێگانەو دەرەكی هیچ لەو راستییە ناگۆڕیت، كە نوێنەری چینییكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو بۆرژوازی و پارێزەری لە بەرژەوەندییەكانی دەكات، بۆ ئەم مەبەستەش ناچارە بێمافی و چەوساندنەوە بەسەر چینی كریكار و جەماوەی بێبەشدا بسەپێنێت و سەركوت و فریوكارییش لەبەرامبەر بە نارازیان و بزوتنەوەی كریكاری و جەماوەریدا بەدەستەوە بگرێت و توند دەست بە كۆنەپەرستی و كەناڵەكانی دوبەرەكی و لێدابڕاندنی كۆمەڵایەتیدا بگرێت.

رەوینەوەی خۆشباوەری بەدەسەڵاتی بۆرژوازی كورد، لەگەڵ ئەوەدا بە قوربانییەكی زۆر و رەنج و دەیان موسیبەت و كوێرەوەری بەدی هاتووە، بەڵام هێشتا دەتوانرێت وەكو پێشرەویەك تەماشا بكرێت و ببیتە مایەی تیپەرین لەو دەسەڵاتەو هوشیاربوونەوە بە ئاقاری گورێنی دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێكی تر، كە ماف و ئازادی و خۆشگوزەرانی و باش بژێوی و ئاییندەیەكی باشتر، زامن بكات.

بۆ لاپەڕە 2

## هەشتی مارسی شكۆدار لە ناو درۆی سەركردەكانی بۆرژوازی كورددا!



بەبۆنەی هەشتی مارس رۆژی رەتكردنەوەی ئاپارتایدی جنسی و رەمزی وەستانەوەی بزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان دژ بە ستەم و بێمافی و چەوساندنەوە و هەڵاواردن، هەڵسوڕاوانی ژنان و تیكۆشەرانی بزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان لە كوردستان و بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا، بە چەند رۆژ پێش هەشتی مارس هاوشانی هەڵسوراوان و ریكخراوە ژنانە یەكسانیخوازەكانی دنیا، خەریكی خۆ ئامادەكردن بۆ ریزگرتن لە هەشتی

بۆ لاپەڕە 3

## بزوتنەوەی شورایی هیواو دیاردەیەكی نوێ لە جەرگەی هەلومەرجێكی كۆنەپەستانەدا



بزوتنەوەی شورایی و شوراكان لەدڵی تاریكترین بڕگەی میژوویدا، لەناو جەرگەی وەیشومەی جەنگ و ملهوری ئەمریكاو غەربدا، لەژێر سایەی ئاسۆی كۆنەپەرستانەی ناسیونالیستیدا، لەگەڵ ڕاپەرینێكدا كە ئاسۆی بزوتنەوەی كوردایەتی و خەونی كۆنەپەرستانەی حزبەكانیان، بەسەریدا زاڵ بوو، هاتە مەیدان. لەو هەلومەرجەدا شوراكان و بزوتنەوەی شورایی سەرباری هەر كەم و كوڕی و

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێنەوە:


* ئەلێكساندرا كۆلۆنتای ئەو ژنەی بەشدار بوو لە گۆڕینی روسیا.............ل4
* لە رۆژی جیهانی ژنان.........................................................ل4
* كاكەلاو تەحسین وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە..............................ل5
* سەبارەت بە هەژدەی برۆمێری لویس بۆناپارت...............................ل6
* جەنگەكان جیاوازن...........................................................ل8


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەكانی ئێستای دنیاو ناوچەكەو كاریكەری كوشارەكانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێكەوتەكانی لەسەر دۆخی كوردستان و ئاییندە سیاسیەكەی"



### هاوڕێ نەوزاد عومەر عەلی وەڵامی پرسیارەكانی داوەتەوە... ل10-11

ل7 كۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5 پرسی رۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

بەداخەوە بەشێک لە خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا خۆشباوەریان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی نەماوە، بەڵام لە جێگای گەران بەدوای ئەلتەرناتیف و ڕێگاچارەیەکدا کە ئیرادەیان یەک بخات و قەرەبووی رابردویان بۆ بکاتەوە و لەدەستی زوڵم و ستەم و بێمافی و کۆنەپەرستی رزگاریان بکات، خەریکن ڕەوینەوەی خۆشباوەریان بە دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی، دەگۆڕنەوە بە خۆشباوەربوون بە دەسەڵاتی هێزە دەسەڵاتدارە بۆرژوازییەکانی عێراق و ئەمجارە ئومێد و ئارەزووەکانیان گرێ دەدەن بە سیاسەت و بڕیارەکانی ئەوانەوە.

**بەداخەوە بەشێك لە خەڵكی كوردستان، لەگەڵ ئەوەدا خۆشباوەریان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی كورد و حزبەكانی نەماوە، بەڵام لە جێگای گەران بەدوای ئەلتەرناتیف و ڕێگاچارەیەكدا كە ئیرادەیان یەك بخات و قەرەبووی رابردویان بۆ بكاتەوە و لەدەستی زوڵم و ستەم و بێمافی و كۆنەپەرستی رزگاریان بكات، خەریكن ڕەوینەوەی خۆشباوەریان بە دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی كوردایەتی، دەگۆڕنەوە بە خۆشباوەربوون بە دەسەڵاتی هێزە دەسەڵاتدارە بۆژوازییەكانی عێراق و ئەمجارە ئومێد و ئارەزووەكانیان گرێ دەدەن بە سیاسەت و بڕیارەكانی ئەوانەوە...**

بڕیارەکانی ئەم دوایەی دادگای باڵای فیدرالی، کە لەدرێژەی بڕیارەکانی پێشوودا بەدژی دەسەڵاتی هەرێم، داسەپێنراون و بەشێکە لەهەوڵی بۆرژوازی عێراقی بۆ یەک کاسە کردنەوەی دەسەڵات و جیگیرکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی بەسەر دەسەڵاتە لۆکاڵی و فیدرالیەکاندا و گێرانەوەی سەڵاحیەتە سەراسەریەکان بۆ دەسەڵاتی فیداڵی و پێناسەکردنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵی و هەرێمیەکان بەپێی دەستور، لە هاوسەنگیەکی تازەی نیوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیدا.

ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی بە تەواوەتی پشت ئەستورن بە فیدرالیزم و دەستورەوە، پشت بەستون بە دابەشکاری لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفی. هەر چاوەڕوانیەکی تر لە فیدرالیزمی قەومی و دینی لەوەی کە ئیستا پیادە دەکرێت، چاوەڕوانیەکی پوچ و بێ هودەیە.

سەرجەم هەنگاو و بڕیارەکانی دادگای فیدرالی لەبەرامبەر بە دەسەڵاتە لۆکاڵی و هەرێمەکان و لەو نێوەشدا لەبەرامبەر بۆرژوازی و دەسەڵاتی هەرێمدا، دوورو نزیک پەیوەندی بەوەوە نییە کە بۆرژوازی لە عیراقدا دەیەوێت خزمەتێک بە خەڵکی کوردستان بکات و سزای بۆرژوازی کورد بدات لەبەرامبەر ئەو بیمافی و ستەم و تاڵانیەی لە خەڵکی کوردستانی دەکات. راستی ئەوەیە کە ململانێی نیوان باڵەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا لەسەر دەسەڵاتە... فیدرالیزمی قەومی کە ڕێکەوتنی سیاسی لەنیوان بۆرژوازی کورد و عەرەب لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، بڕیاری لێدراوە، وەکو پێشبینی دەکرا لە کاتی پیادەکردنیدا هەمان ئەو دۆخە دەخولقێنی، کە خەریکە سەرەتاکانی بە چوونە بواری جێبەجێبوونەوە. دەستی پیکردووە. ئەوەی کە پێشتر دادگای فیدرالی دەستی دەپاراست لە دەرکردنی بڕیار و تەنانەت بێدەنگەی لە دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و دەسەڵاتی هەرێم هەڵبژارد بوو، پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزەوە بوو... دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و دەسەڵاتی هەرێم بەهەموو پێوانەیەک بە هێزتر لە دەسەڵاتی فیدرالی بوون و ئامادەنەبوون مل بە بڕیارێ دەسەڵات و حکومەتێکی لاواز، بدەن. لە ئێستادا و بەدیاریکراوی لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەربازی لە دژی داعش و دوای ١٦ ئۆکتۆبەر، بۆرژوازی لەعێراقدا ڕێکخراوتر و حکومەت جێگیر تر و پرسی ئەمنی سەقامگیری زیاتر و پێگەی دەوڵەتی عێراقی لە ئاستی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەهێزترە، هەر بەو پێوانەیەش مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات لۆکاڵیەکانی لەسەر ئاستی عێراق و لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم دەکات. ئەوەی ئێستا بەغدا لەبەرامبەر بەدەسەڵاتی هەرێم دەیکات، ڕەوەندێکی بەردەوام دەبێت و لە بنەرەتدا دەیەوێت دەسەڵاتی هەرێم پابەندی فیدرالیزم بکات، کە بۆرژوازی کورد لە کاتی بەهێزی و وەکو دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ناودەوڵەتی عێراقدا، شانازی بە فیدرالیزم و دەستور و سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردییەوە دەکرد. ئێستا کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کورتکراوەتەوە و حەق و حسابی فیدرالیزمی لەگەڵ دەکرێت، هاواریان لێ هەڵساوە کە بەغدا لە فیدرالیزم و دەستور پاشگەز بۆتەوە و پێوەی پابەند نییە. لەکاتیکدا ئەوەی ڕوودەدات لە بنەرەتدا لەچوارچیوەی گەرانەوە بۆ پابەند بوون بە دەستور و فیدرالیزمدا دەچێتە پێشەوە. فیدرالیزم و دەستور لە عێراقدا هەر ئەوەیە کە ئیستا بۆرژوازی باڵادەست لە عێراق و دادگای باڵای فیدرالی پیادەی دەکات...

فیدرالیزمی قەومی بەپێچەوانەی فیدرالیزمی ئیداری، بەڵگە و ڕەچەتەیەکە بۆ هەتاهەتاییکردنی ناکۆکی قەومی و دروستکردنی لەمپەری گەورە لەبەردەم ڕەوتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە دەستبردن بۆ پرسی سەربەخۆیی و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ. فیدرالیزم لەگەڵ ئەوەدا، هەندێک ئیمتیاز دەدات بە بۆرژوازی کورد، و بە وینەی نوینەری بۆرژوازی کورد لە هەرێمدا مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ریگا نادات بە شێوەی دەوڵەتیکی سەربەخۆ، دەسەڵاتی پیادە بکات و خۆی لەبەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی فیدرالی، بدزێتەوە.

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەچوارچیوەی ئەو ڕەهەندەدا دەچنە پێشەوە، نەک لە چوارچیوەی خزمەت بە خەڵکی کوردستان و وەڵام دانەوە بە ویست و خواستەکانی. چارەسەری پرسی موچەو دابەشکردنی بە گواستنەوەی بۆ بەرپرسیاریەتی بەغدا، لەگەڵ ئەوەدا بەسودی موچەخۆران و فەرمانبەرانە، بەڵام کیشەی خەڵکی کوردستان تەنها موچەو دابەشکردنی نییە، بەڵکو بەدەست گرفتی بناغەیی وەکو پرسە سیاسی و ئایندەکەی دەناڵێنێت... خودی پیکهاتنی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدرالیزمی قەومی و دینی، یەکێک لە گەورەترین هەرەشەکانی سەر خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی و هۆکارێکی سەرەکیش دەبێت بۆ پشێوی سیاسی لە ئایندەی عێراقدا. جیا لەوانە ماهیەتی سەرکوتگەرانەو کۆنەپەرستانە و تاڵانچیانەی بۆرژوازی کورد، هیچ ڕەوایەتیەک نادەت بە دەسەڵاتی هیزە کۆنەپەرست و تاڵانچییەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا، کە خەڵکی خوارو ناوەراستی عێراقیان لە دۆخێکی یەکجار سەختی بێکاری و نەبوونیدا ڕاگرتووە و ئاسەوارێک لە خزمەتگوزارییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکانیان لەژێر سایەیاندا بوونی نییە. کاتیکیش بێبەشان و برسییەکانی عێراق بۆ ماف و داخوازییەکانیان هاتنە سەرشەقامەکان بەسەدانیان لێ گوللە باران کراو ڕابەرانی ڕاوەدونران و تیرۆرکران. جیا لەوانە هیزە قەومی و دینیەکانی عێراق، ئامادەی سەلماندنی مافە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان و بەرەسمی ناسینی ئیرادەی جەماوەرەکەی نین.

خەڵکی کوردستان نابێ هیچ جۆرە خۆشباوەرییەکیان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا هەبێت و وەکو فریاد ڕەس، تەماشای بکەن. هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم، دوانە دەسەڵاتی لێکهەڵپێکراوی ناو یەک خانەوادەن لەسەر ئاستی عێراقدا. ململانێکانیان، لەسەر بەشی دەسەڵات و داهاتە، نەک لەسەر قوتی هاوڵاتیان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکان و زامنکردنی خزمەتگوازرییەکان و باش بژێوی.

دۆخی تازەی عێراق، ئەوە دەخوازێت چینی کریکار و جەماوەری بیبەشی کوردستان و عێراق، خەباتیان لێک هەڵبپێکن، بەدژی سەرجەم دەسەڵاتی بۆژوازی عێراقی بەهەموو باڵ و لایەنەکانیەوە. چارەنووسی چینی کرێکار و جەماوەری بیبەشی کوردستان و عێراق، لێک هەڵپێکراوەو خەبات و پیشرەوی هەر لایەکیشیان بەدژی بۆرژوازییدا، کاریگەری راستەوخۆ لەسەر خەباتی سەراسەریان دادەنێت.

**ناوەڕاستی مارسی ٢٠٢٤**

**بڕیارەكانی ئەم دوایەی دادگای باڵای فیدرالی، كە لەدرێژەی بڕیارەكانی پێشوودا بەدژی دەسەڵاتی هەرێم، داسەپێنراون و بەشێكە لەهەوڵی بۆرژوازی عێراقی بۆ یەك كاسە كردنەوەی دەسەڵات و جیگیركردنی دەسەڵاتی فیدراڵی بەسەر دەسەڵاتە لۆكاڵی و فیدرالیەكاندا و گێرانەوەی سەڵاحیەتە سەراسەریەكان بۆ دەسەڵاتی فیداڵی و پێناسەكردنەوەی دەسەڵاتە لۆكاڵی و هەرێمیەكان بەپێی دەستور، لە هاوسەنگیەكی تازەی نیوان باڵەكانی بۆرژوازی عێراقیدا.**

## درێژەی: هەشتی مارسی شکۆدار لە ناو درۆی سەرکردەکانی بۆرژوازی کورددا!

مارس بوون... بەشێک لەو تیکۆشەرو هەڵسوراوانە سەردانی گۆرستانی بێناو نیشانی ژنانیان کرد، کە رەمزی درندەیی پیاوسالاری و سیمای هەرە قێزەونی دەسەڵاتی سیاسی دژە ژنە، کۆبۆنەوەیەکیان لەسەر گڵکۆکەیان سازکرد... کۆبونەوەی ئەو ژمارەیە لە ئینسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز لەسەر گڵکۆی ژنانێکی خاوەن ناسنامە لێ سەندراوە، کوژراو و سوتێنراو و نەفرەتلێکراو لەلایەن پیاوسالاری و شەرف پاریزەران و لە سایەی دەسەڵاتی دژە ژنی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، نەک تەنها نیشانەی رەتکردنەوەی پیاوسالاری و درۆی شەرەفپاریزی بوو لەلایەن پیاوانی خاڵی لەهەر بەها و مۆرالێکی ئینسانی، بەڵکو نیشاندانی رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دژە ژن و رێزگرتن بوو لە شکۆی ژنان و خۆشەویستی و ئازادیان، کە ئەم ژنانە بەهۆیانەوە نەک هەر گیانیان لێ سەندراوەتەوە، بەڵکو ناسنامەکەشیان لێوەرگیراوەتەوە، کەچی بوونەتە رەمزی دەسەڵاتی دژە ژن و دژە خۆشەویستی..



لە رۆژی هەشتی مارسیشدا، چەندین لایەن و هەڵسوراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، کۆبونەوەیەکی شکۆداریان لەسەرای ئازادی بەڕیوەبرد و پاشان بە وتنەوەی چەندین دروشمی ئینسانی خواست ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازانە کەوتنە رێپێوان بەرەو پارکی نالی... ئەم کۆبونەوە و رێپێوانە شکۆدارە لە فەزای گشتی کۆمەڵگەو لە جەرگەی شاردا، بەو ناوەڕۆکە ئینسانی و یەکسانیخوازییەوە، دوبارەو چەندبارە ئامادەیی بلۆکێکی ئینساندۆستی و یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەدا بەدژی ستەم و بێمافی ژنان و جیاکاری و بەدژی کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی دژە ژندا، خستەوە ڕوو.

ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە کاتێکدا ئەم چالاکیانەیان ئەنجامدا، کە سەرانی ورد و درشتی حزبە بۆرژازییەکان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، ساڵانە لەبەرامبەر بە سوکایەتی و توندوتیژی و بیمافی و تەنانەت تیرۆری ژناندا بێدەنگن، کەچی لە هەشتی مارسدا فرمێسک بۆ ژنان و خەباتیان هەڵدەوەرێنن و پەیمانی بەرگری لە مافەکانی ژنان دەدەن. ئەوە لە کاتێکدایە مۆتۆر و بڵندگۆی دژە ژنی مەلاو سەلەفیەکان، رەوتە ئیسلامیەکان، بۆ سوکایەتی و بێرێزیکردن بەژنان و بە کۆیلە نیشاندانیان، بێ وەستان دەچەرخێ. ئەوە لە کاتێکدایە گۆرستانی ژنانی بیناو نیشان و زوڵمێک کە لەو ژنانە کراوە، هاوارو ناڵەیان دەبیستریێت. ئەوە لە کاتێکدایە کوشتنی ژنان بەردەوام و بەهەزاران ژن لەژێر سایەیاندا کوژروان کەچی لەرێگای یاسای هەر ئەم دەسەڵاتەوە بکوژانی ژنان ئازاد دەکرێن و زیندانەکانیان خاڵین لە بکوژی ژنان.

ریزگرتن و بە فەرمی ناسینی مافی ژنان لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی تری دنیا، نەریتیکی حاشاهەلنەگری نەنووسراو و پیادەکراوی کۆمەڵگەی کوردستانەو هەشتی مارس و رێزگرتن لەم رۆژەش بۆتە نەریتێکی جێکەوتووی جێگا شانازی. ئەم نمایشەش کە ئەمساڵ ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز نیشانیاندا، رەتکردنەوەی بێمافی و ستەمی سەر ژنان و هەڵاواردن  وهاوکات نەفرەتی ریکخراو بوو بە دەسەڵاتی دژە ژنی بۆرژوازی کورد.

گومان لەوەدا نییە ستەم کیشی و بێمافی ژنان ریشەی لە نیزامی سەرەوخواری چینایەتی و سەرمایەداریدایە، و یەکسانی هەمەلایەنەو واقعی ژنان بەندە بە کۆتاییهێنان بەم نیزامە، بەڵام خەباتی رۆژانەو بەردەوامی ژنان بۆ مافەکانی ئێستایان و دژ بە زوڵم و ستەم و بێمافی و جیاکاری، جیاناکرێتەوە لە خەبات بۆ کۆتایهێنان بە سیستەم سەرمایەداری.

## درێژەی: بزوتنەوەی شورایی هیواو دیاردەیەکی نوێ لە جەرگەی هەلومەرجێکی کۆنەپەستانەدا

نارۆشنیەک کەهەیان بوو. جوانترین دیاردەی "نا" وتن بوو بەم هەلومەرجە... تاکە دیمەنی روناکی ناو جەنگەڵستانێکی تاریک بوو.

دەبێ ئەوا راستیەش لەبەرچاو بگرین، بزوتنەوەی شورایی بەرهەمی مانگرتنە کرێکارییەکان، خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، جموجۆڵی و رەوتی روو لەپێشی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارەیە بوو، کەبە هەڵپێچانی بنکەو بارەگا و دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان دروستت بوو. لەو هەلومەرجەدا کە بۆشایی سیاسی و ئیداری دروست بوو، بزوتنەوەی شورایی و شوراکان، بەدەستپێشخەری  چەپ و کۆمۆنیستەکان و ریکخراوە و گروپەکانیان دەستی بۆ براو پێکهێنران.


ئەم هاتنە مەیدانەی چەپ و کۆمۆنیزم بەم شێوەیەو لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، یەکەمین بەریەک کەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم و گروپ و رێکخراوەکانیان بوو، لەگەڵ کۆمەڵگە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە بۆرژوازییەکان. تا بەر لەئەزمەی کەنداو و سەروەختی ڕاپەرین گروپ و ریکخراوە چەپەکان زۆرتر خەریکی خەباتی سیاسی و فکری و تیئۆری و ژێر زەمینی و نهێنی بوون، بەشداری چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەرین و دواتر پێکهێنانی شوراکان، یەکەمین دەرکەوتنی کردەیی و مەیدانی ئەو بلۆکە لە چەپ و کۆمۆنیزم بوو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم یەکەمین دەرکەوتنەی چەپ و کۆمۆنیزم و دەستبردنیان بۆ پیکهێنانی شوراکان لە کارگەو گەرەکەکان، و لە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک، و پێشوازی کریکاران و جەماوەری بێبەش لە شوراکان روداوێکی یەکجار گەورە لە کۆمەڵگەی سیاسی کوردستاندا بوو، تا ئەوکاتە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و نەریتە سیاسیەکانی تاکە مەیداندارى سەر گۆرەپانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. بۆیە دەرکەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم لەمەیدانی پراکتیکی و دەستبردنی بۆ نەریتێکی نوێی کۆمۆنیستی بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی شوراکان و هێنانە ئارای چەندین دروشم و ئیدەی سیاسی کریکاریی و کۆمۆنیستی و جێخستنی نەریتی نوێی کۆمۆنیستی لە مەیدانی خەباتی کریکاری و جەماوەری و جێخستنی داخوازی و دروشمە کرێکارییەکان.  بەرگری لە ئازادی و ئازادییەکان و هێنانی دروشمی ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی، یەکسانی نیوان ژن و پیاو و چوونە جەنگی کوشتنی ناموسی، بەرامبەرکێ وەستانەوە لەگەڵ دین و رەوتگەلی دینی و خستنە رووی جیای دین لە دەوڵەت و سیاسەت و خویندن و پەروەردە، بەرەورِووبوونەوە لەگەڵ کەلتوری باو، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر دەستبردن بۆ رێکخراوکردنی کریکاران و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە رادیکالەکان و پیکهێنانی شوراکان وەکو ئەلگۆیەکی نوێی پشت بەخۆبەستنی جەماوەری و هەڵبژاردنی نوینەران بەشیوەی راستەوخۆ و ئازادانە... چەند گۆشەیەک لە دیمەنی بزوتنەوەیەکی چینایەتی نوێ و تازەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا خستە ڕوو. ئەم دیمەنە و رووهێنانی جەماوەری بۆی، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و تەواوی بلۆکی راستی لەناوخۆی کوردستان و ناوچەکە توشێ ڕاچەنین و ترس کرد. کۆمۆنیستەکان و شوراکان، بە خۆنیشادانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و بە دەستبردنیان بۆ نەریتی نوێی کۆمۆنیستی، کۆتاییان بە مەیداندارى تاقانەی بزوتنەوەی کوردایەتی هێنا و لەو کاتە بەدواوە، ئیتر کۆمەڵگە کوردستان تەنها پاوانی ئەو بزوتنەوەیە نییەو چەپ و کۆمۆنیزم، واقعیەتێکی تر حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردستانە.

دیارە تەمەنی شوراکان کورت و هاوکات خاوەن روئیایەکی رۆشنی کۆمۆنیستی یەکانگیر بۆ هەلومەرجی ئەوکاتە و ئاکامە جیهانیەکانی ئەزمەی کەنداو و سیاسەت و نەخشەی بۆرژوازی جیهانی نەبوو، هاوکات حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بوونی نەبوو کەئاراستەی بکات و وەڵام بە گرفت و کێماسیەکانی بداتەوەو ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی کۆمۆنیستەکان. لەوانەش واوەتر نەبوونی روئیا سیاسی بۆ دەسەڵات، و دەستنەبردنی بۆ خۆ پڕچەکککردن و بەرگری... لاوازییەکی تری بوو. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە شوراکان نەریتی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، نەریتی چەپ و کۆمۆنیزم بوو... کە لەدریژەی خۆیدا دەستی بە حزبی سیاسی خۆی گەیشت و بووە واقعیەتیکی حاشا لێنەکراوی کۆمەڵگەی عیراق و کوردستان...

دیارە ئەگەر چەپ و کۆمۆنیستەکانی عیراقیش، لە چەند شار و کارگەدا لە ناوەراست و خواروی عێراق، بەهەمان شیوەی کۆمۆنیستەکان و ریکخراو گروپە چەپەکانی کوردستان دەستیان بۆ پیکهێنانی شوراکان ببردایە، دەیتوانی کاریگەریی و رۆڵی گەورەی لەسەر بزوتنەوەی کریکاریی و پیشکەوتنخوازی عیراق دابنێت و بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیش لە ئەزمونێکی کردەییدا دەوڵەمەندتر بکات، کە کاریگەریگەریەکی بۆ چەندین دەهە دەبووە مایەی هیز بەخشین بە کۆمۆنیزم لە ئاستی عیراقدا و راستەخۆ کاریگەریشی لەسەر بزوتنەوەی شورایی کوردستان دەبوو.

**عەبدوڵا مەحمود**



# ئەلێکساندرا کۆلۆنتای؛ ئەو ژنەی بەشدار بوو لە گۆڕینی ڕووسیا بەرەو سۆشیالیزم...

ئاهەنگێکی ڕۆژی جیهانی ژنان لە شوباتی ساڵی ١٩١٧ ئەو چەخماخەیە بوو کە شۆڕشی ڕووسیای هەڵگیرساند. کۆمەڵێک لە ژنانی کرێکاری کارگەیەکی قوماش لە سانت پترسبۆرگ داوایان لە کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفییەکان کردبوو ڕێنماییان بکەن و لەو ڕۆژەدا چی بکەن. پێیان وتبوون مان نەگرن و چاوەڕێی ڕێنمایی تر بن. بەڵام هیچ ڕێنماییەک نەهات؛ بۆیە ژنەکان بڕیاریان دابوو دەست لە کارهەڵبگرن و بڕۆنە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان. زۆری نەخایاند هەزاران کەس لە کارگەکان هاتنە دەرەوە و هەزارانی تریش ڕیزی نان کڕینیان جێهێشت و بەشداری ڕێپێوانیان کرد و شارەکەیان پڕکرد لە لافیتە کە داوای "نان-منداڵەکانمان برسین!". لە ڕۆژانی دواتردا ژنانی ماڵەوە و ژنانی کرێکار و ژنی سەرباز پەیوەندییان پێوە کردن. ژنان پۆلیسیان بەردباران دەکرد و داوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەمیان دەکرد. ژنان چوونە ناو سەربازگەکان بۆ ئەوەی سەربازەکان هان بدەن بۆ ئەوەی بچنە پاڵیانەوە. هەفتەیەکی نەبرد تزار، پاشای ڕەهای ڕووسیا، دەستی لەکارکێشایەوە. ئەمە سەرەتای شۆڕشی ڕووسیا بوو. کرێکاران ڕاپەڕین و لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا دەسەڵاتیان گرتە دەست.

ئینتەرناشناڵ سۆشیالیست لە ساڵی ١٩١٠ بە فەرمی ڕۆژی جیهانی ژنانی پەسەند کرد. ئەم ڕۆژەی بە فەرمی کرد، چونکە ژمارەیەک لە ژنان لەوانە ئەلێکساندرا کۆلۆنتای ماندوونەناسانە خەباتیان بۆ دەکرد. ئەلێکساندرا کۆلۆنتای چالاکوانێکی ناوداری پارتی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا بوو. لە شۆڕشەکانی ساڵی ١٩٠٥ و ١٩١٧دا یارمەتی ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و جووتیارانی کردووە. کۆلۆنتای لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی لەدایک بووە، دوای سەردانیکردنی کارگەیەکی گەورەی قوماش لە ساڵی ١٨٩٦دا بووە شۆڕشگێڕ. ژنان ڕۆژانە ١٨ کاتژمێر کاریان دەکرد. بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی منداڵبوونیان نەبوو، زۆرجار لەناو کارگەکەدا منداڵیان دەبوو. مووچەی ژنان یەک لەسەر سێ یان نیوەی مووچەی پیاوان بوو. کەم کەس چاوەڕوانی دەکرد لە سەرووی ٣٠ ساڵەوە بژین. ئەم ئەزموونە ژیانی کۆلۆنتای گۆڕی. کارل مارکسی خوێندەوە، پەیوەندی بە گروپە مارکسیستەکانی سانت پترسبۆرگەوە کرد. لە ساڵانی ١٨٩٠ بە لێشاو ژنان لە گوندەکانەوە دەهاتنە ناو هێزی کاری شارەکان. خاوەن کارگەکان ژنانیان وەک کرێکارێکی گوێڕایەڵتر سەیر دەکرد. پێیان وابوو ژنان ناخۆنەوە و کەمتریش مان دەگرن. نزیکەی لەسەدا ٩٠یان نەخوێندەوار بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان، سەرباری دژایەتیەکی توند، بەشدارییەکی نائاساییان لە بزووتنەوەی مانگرتندا دەکرد و هەروەها دەشچوونە کۆبوونەوەکان. کۆلۆنتای لەگەڵ هاوڕێ سۆشیالیستییەکانی لە دەرگای کارگەکاندا دەوەستان و لەگەڵ کرێکاران قسەیان دەکرد، بەڵام تەنها مارکسیستەکان نەبوون هەوڵی ڕێکخستنی ژنانی کرێکاریان دەدا. ڕێکخراوە خێرخوازەکانیش هەوڵیان دەدا ژنانی کرێکار لە مانگرتن دوور بخەنەوە و بەرەو گروپە ئاینییەکان ڕایان بکێشن. لە ماوەی ساڵانی دەوروبەری شۆڕشی ١٩٠٥، ژنانی سۆشیالیست کاری جیددی حزبییان لە نێو ژنانی کرێکاردا دەکرد. کۆلۆنتای دەیوت پێداویستییەکانی ژنان جیاواز و تایبەتن. بەڵام ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەم جۆرە جیاوازییانە پێویست ناکات دابەشکەر بن.

لە دەربەدەریدا دوای شکستی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ کۆلۆنتای نووسیویەتی کە چۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شۆڕشدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و چۆن مارکسیستەکان دەبێ ئەم پرسانە شیکاری بکەن. باسی خۆشەویستی ئازادی دەکرد و نیشانیدا کە چۆن چینی کرێکار لە ئێستاوە خۆی لە کۆت و بەندەکانی هاوسەرگیری بۆرژوازی ڕزگار بکات. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شەڕی ناوخۆی بەدوای خۆیدا هێنا؛ هەروەها دەشبێ باسی دەستێوەردانی دەرەکیش بکرێ چونکە زۆرێک لە وڵاتە ئیمپریالیستەکان بۆ شکستپێهێنانی شۆڕش هێرشیان کردە سەر ڕووسیا. کۆلۆنتای بەناو ڕووسیادا دەگەڕا و پرسیاری لە ژنان دەکرد کە پێویستیان چییە. شۆڕشگێڕان دەبوو ئەرکی لە ڕادەبەدەر پراکتیکی ئەنجام بدەن. بەڵام لە کاتێکدا بەلشەفییەکان سەرکردایەتی حکومەت و شۆڕشیان دەکرد لە دژی دوژمنانی شۆڕش، هەندێک یاسای زۆر پێشکەوتنخوازانەشیان دەرکرد. هاوسەرگیری بە سادەیی بوو بە پرسێک لە تۆمارکردنی پەیوەندییەک. ئەو چەواشەکاری و زەبر و زەنگەی کە بە جیابوونەوە و ناشەرعییەوە گرێدرابوو، لابرا. ئەزموونی شۆڕش گۆڕانکارییەکی گەورەی لە پەیوەندییەکان و خێزاندا هێنایە ئاراوە. خەڵک بۆ ماوەی ڕۆژێک هاوسەرگیریان دەکرد، پاشان هاوسەرگیریان لەگەڵ کەسێکی تر کرد. هەموو جۆرە پەیوەندییەکی جیاواز هاتە پێشەوە.



بەشێکی نوێ لە کۆمیتەی ناوەندی بە ناوی ژێنۆتدێل دامەزرا بۆ بەشداریکردنی ژنان لە هەموو بەشێکی شۆڕشدا. کۆلۆنتای لە ساڵی ١٩٢٠ وەک بەڕێوەبەر دەستنیشانکرا. ژنانی بەلشەفی بە بالاپۆشی سوورەوە دەچوونە ناو گوندەکان و هانی ژنە جوتیار و کرێکارانیان دەدا بۆ ئەوەی بەشدارییەکی چالاکتر لە ژیانی سیاسیدا بکەن. بەلشەفییەکان داگیرکەرانی بیانییان دەرکرد و شۆڕشەکەیان ڕزگار کرد. بەڵام ساڵانی شەڕ بووە هۆی داڕمانی پیشەسازی و شۆڕشی ڕووسیاش بۆ وڵاتانی دیکە بڵاونەبووەوە. بەلشەفییەکان نیشانیان دا کە پراکتیک و تیۆری لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. سەردەمی شۆڕشگێڕانە هەموو شتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ تەنانەت شێوازی هەڵسوکەوت و ڕێکخستنی ژنانیش. ئەلێکساندرا کۆلۆنتای (٣١ی ئازاری ١٨٧٢ - ٩ی ئازاری ١٩٥٢) ژنە شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیستی ڕووس بوو، ئەندامی حیزبی مەنشفی بوو دوایی لە ساڵی ١٩١٤ چووە بەرەی بەلشەفییەکان. ئەلێکساندرا زانستە ئابوورییەکانی لە زووریخ خوێندووە، یەکەم ژنە کە پۆستی وەزیری وەرگرتبێت لە حکومەتەکەی لینین. شۆڕشگێڕێکی چالاک بوو، نامیلکە و کتێبەکانی بە تایبەتی باسیان لە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگە و لە شۆڕشدا دەکات. لە ساڵی ١٩٢٣ وەک باڵیۆز لە نەرویج دەستنیشان کرا.

**لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی.**

**توانا محەمەد نوری**

# لە ڕۆژی جیهانی ژنان. لینین - ٤ی مارت ١٩٢٠

سەرمایەداری یەکسانی فەرمی لەگەڵ نایەکسانی ئابووری و لە ئەنجامدا کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییە جیاکەرەوەکانی سەرمایەداری؛ یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە بە شێوەیەکی درۆینە لەلایەن لایەنگرانی بۆرژوازی و لیبراڵەکانەوە دەشاردرێتەوە و دیموکراتە بۆرژوا بچووکەکانیش تێی ناگەن. لە ئەنجامی ئەم تایبەتمەندییە جیاوازەی سەرمایەداریدا، ئەو پێویستییە دێتە پێشێ بە ئاشکرا دان بە نایەکسانی سەرمایەداریدا بنرێت لە کاتێکدا بە توندی خەبات بۆ یەکسانی ئابووری بکرێت لە ژێر هەلومەرجی دیاریکراودا، تەنانەت ئەم دانپێدانانە بە نایەکسانی وەک بنەمایەک بۆ ڕێکخستنی دەوڵەتی پرۆلیتاریا (دەستووری سۆڤیەت) لەخۆ بگرێت.
بەڵام سەرمایەداری تەنانەت لەسەر یەکسانی فەرمی (یەکسانی لەبەردەم یاسا، یەکسانی لە نێوان تێر و برسی، لە نێوان خاوەن موڵک و بێ موڵکدا) یەکگرتوو نییە. وە یەکێک لە دەرکەوتە هەرە ئاشکراکانی ئەم نایەکسانییە پێگەی ژنە بە بەراورد لەگەڵ پیاو. یەک دەوڵەتی بۆرژوازی و تەنانەت پێشکەوتنخوازترین و دیموکراتیکترین کۆمار یەکسانییەکی تەواوی مافەکانی نەهێناوەتە ئاراوە.
بەڵام کۆماری سۆڤیەتی ڕووسیا هەر زوو، بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەموو شوێنەواری نایەکسانی لە پێگەی یاسایی ژناندا سڕییەوە و یەکسانییەکی تەواوەتی لە یاساکانیدا مسۆگەر کرد.
دەوترێت ئاستی ڕۆشنبیری بە پێگەی یاسایی ژن دەناسرێتەوە. لەم وتەیەدا ڕاستییەکی قووڵ هەیە. لەم ڕوانگەیەوە تەنیا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، تەنیا دەوڵەتی سۆشیالیستی، دەیتوانی ئاستێکی بەرز لە کولتوور بەدەستبهێنێت و بەدەستی هێنا. بۆیە بناغە (و چەسپاندنی) یەکەمین کۆماری سۆڤیەت - و هاوشان و لە پێوەندی لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست - بە ناچاری پاڵنەرێکی نوێ و بێهاوتا و بەهێز بە بزووتنەوەی ژنانی کرێکار دەدات.
بۆ ئەوانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە تەواوی یان بەشێوەیەکی ناتەواو لەژێر سەرمایەداریدا دەچەوسێنرێنەوە، ئەوە تەنها سیستەمی سۆڤیەتە کە دیموکراسی مسۆگەر دەکات. چینی کرێکار و جوتیارەو هەژارەکان بە ئاشکرا ئەمە نیشان دەدەن. هەڵوێستی ژنان بە ڕوونی ئەمە ڕوون دەکاتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، سیستەمی سۆڤیەت کۆتا شەڕی گرنگە بۆ لەناوبردنی چینایەتی، هەروەها یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆ ئێمە دیموکراسی، تەنانەت دیموکراسی بۆ ئەوانەی لەلایەن سەرمایەدارییەوە چەوسێنراونەتەوە، تەنانەت دیموکراسی بۆ ڕەگەزی ستەملێکراو، بەس نییە.
بزووتنەوەی ژنانی کرێکار تێدەکۆشی بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان، نەک تەنها یەکسانی فەرمی. ئامانجی سەرەکی بزوتنەوەکە ڕاکێشانی ژنانە بۆ کاری بەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ئازادیان بکات لە "کۆیلایەتی ماڵەوە" و ئازادیان بکات لە زیندانی خنکێنەر و شەرمەزارکەری چێشتخانە و بەخێوکردنی منداڵ.
ئەمە خەباتێکی درێژخایەنە و پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە لە هەردوو کرداری کۆمەڵایەتی و نۆرمەکان. دیارە ئەم تێکۆشانە بە سەرکەوتنی تەواوی کۆمۆنیزم کۆتایی دێت.

**لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی**

**توانا محەمەد نوری**
**١٢/٣/٢٠٢٤**

## پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ: هەڵبژاردنی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ وهەلومەرجەکانی .

### بەڕێز ( کاکەلاو تەحسین) شارەزا لەهەڵبژاردن وەڵامی پرسی رۆژی داینەوە.

### پرسی ڕۆژ: دوای بریاری دادگای فیدراڵی ، گۆرانکاریەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە چۆن دەبینیت ؟




**کاکەلاو تەحسین: گۆرانکاریەکان چەند خاڵێکن:**

یەکەم: گۆرینی یەك بازنەیی بۆ چوار بازنەیی؛ ئەمە کارێکی زۆر باش و دادپەروەرانەیە، چونکە ڕێژەی بەشداری لە شارێکەوە بۆ شارێك جیاوازە، بۆنمونە لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەی دهۆك بەرزتر بوو، دواتر هەولێر ئەوسا سلێمانی. ئەمە وایکردووە زۆرترین پەرلەمانتار لە دهۆك بروات وکەمتر لە سلێمانی! بەڵام بۆ ئەم جارە ڕێژەی بەشداری شارەکان هەر چەند بێت ئەوا ڕێژەی نوێنەری ئەو بازنەیە پارێزراوە بۆ سنورەکە. باشیەکی تری ئەم خاڵە ئەوەیە؛ کاندیدی پۆپۆلیست کەم دەبێتەوە، چونکە لە پێشوو کاندیدێکی خەڵکی سلێمانی بە نموونە لە ئەرزی واقیع نەدەگەیشت بە دەنگدەری دهۆك لە ڕێگای بەڵێن و کار، بۆیە پەنای دەبردە بەر وروژانی دروشمی بریقەدار، بەڵام ئەم جارە دەبێت ئەو کاندیدە بە پرۆژەوبەرنامە لە سنورەکەی خۆی دەربچێت، نەك بە قسەی زل!

دووەم: نەمانی کورسی پێکهاتەکانە؛ دیارە روونە یەکێتی لەسەر زمانی خۆشیانەوە وتیان داوای نەهێشتنی کوسی کۆتاکانیان نەکردبوو، بەڵکو داوایان کردبوو پێنج کوررسی بدرێت بە بازنەی سلێمانی، کەواتە ئەو قسەیەی ئێستا دەکرێت کە گوایە ویستویانە پێکهتەکان ئیرادەیان بۆ بگەرێتەوە راستنیە. بەڵکو بۆ ئەوەیانبوو پشکیان لەو دابەش کاریە هەبێت! بەڵام سەرەنجام واشکایەوە. وە لە پەرلەمانی کوردستان هیچ کات پێکهاتەکان نەبونەتە هۆکار بۆ دەرکردنی یاسایەکی خراپ بەڵکو هەر یەکێتی وپارتی بەیەکەوە یاساکانیان دەرکردووە. بە نمونە یاسای نەوت وگاز، یاسای خۆپیشاندان، یاسای قەرز، یاسای ئەنجومەنی ئاسایش، یاسای تیرۆر، وەهەر یەکێتی وپارتیش بەیەکەوە حکومەتیان پێك هێناوە، وئەوانی تریان بەشدار پێکردوون! بۆیە بە دێوکردنی پێکهاتەکەکان یەکێکە لە هیوا درۆزنەکانی تری هاوشێوەی گەرانەوەی دەستورو هەمواری سیستەمی سیاسی بۆ پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی هۆکاری نەمانی کورسی پێکهاتەکانبوو، نەك یەکێتی، چونکە پارتی بۆ مانۆری خۆی هەمو کات کورسی پێکهاتەکانی لەگەڵ خۆی دەبەستەوە.

سێیەم: کۆمسیۆنی عێراق سەرپەرشتی دەکات. لای من ئەوە لاوازی وبێدەسەڵاتی هەرێم وچوار هێزە سیاسیەکەی ناو کۆمسیۆن دەردەخات، جگە لە پارتی. ئەزانی تاقە دامەزراوە لە هەرێم کە پارتی تیایدا کەمینەیە، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردەکانی هەرێمە! ئەزانن نۆ ئەندامی باڵا هەیە کە دوان یەکێتیە دوان گۆرانە یەك یەککگرتوو یەك کۆمەل وە سێ پارتی، کەچی بە پێنج دەنگ بریارە کاریگەریەکان دەردەچێت، واتە ئەو چوار هێزە دەتوانن چیان بوێت بریار بدەن. ئەزانن رۆحی کۆمسیۆن دائیرەی هەڵبژاردنە، وئەو بەشەش لای گۆرانە! وردتر هەموو بەرێوەبەر وفەرمانبەران بە هەمان ڕێژەی ئەنجومەنی باڵاکە لە نێوان هەر پێنج هێز دابەش کراوە.

چوارەم: دەربارەی کۆمسیۆن ئەوەیە ئەو کۆمسیۆنە سەر بە پارلەمانی کوردستانبوو، هەروەها سەرۆکەکەی یەکێتی بوو، کەچی لە تەمەنیا جارێك بەو کۆمسیۆنە نەوتراوە تۆمارێکی پاکی دەنگدەر دروستبکە، بایۆمەتری بکە ...تاد. ئیتر ئەوەی کە دەڵێن کۆمیسیۆنی بەغدا باشترە راستە،بە بەراورد بەکۆمیسیۆنی هەرێم. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆمسیۆنی هەرێم وا لاوازکراوە؟ ئەی کە لاوازە ومتمانەیان پێینیە؟ بۆچی بەبێکار ئەو بودجە زەبەلاحەی مانگانەی بۆ موچەوپارەی بارەگا وبەردەستدەروات.؟! وە ئایا کە پارتی ئەمرۆ ئەڵێت بەغدا دژی هەرێمە، ئەی بۆچی خۆی هیچ هەنگاوێکی نەنا؟ نەك بۆ کاراکردنەوی کۆمسیۆن کە لە □□-□□-□□٠□ تەمەنی بەسەرچوو تەنانەت جێگای ئەو دوو کۆمسیارەی خۆشی پرنەکردەوە کە لە کۆمسیۆن لەسەر پشکی پارتی شوێنیان چۆڵ بیوو!


### پرسی ڕۆژ: رایەك هەیە دەڵێت هەڵبژاردن بکرێت ونەکرێت هیچ ناگۆرێت؟

ئەو باوەرە حەقیقەتێکی واقیعییە؛ بەڵام واقعیەتی حەقیقەت وانیە. راستە لە ئێستادا بەهۆی نەبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر ئەوانە هەر براوەن لە هەڵبژاردن. بەڵام ئەو براوەیە لە روی کورسیە نەك شەرعیەتی خەڵك، چونکە بە یەکێتی وپارتی ٢٣٪ ی کۆی دەنگی دەنگدەری هەرێمیان نەهێناوە! کەواتە هەڵبژاردن بە دۆست ودوژمن دەڵێ خەڵك ئەوانەی ناوێت! ئەوانە بەناوی دیموکراسیەوە خۆیان سەپاندوە! هەڵبژاردن وایکرد روی راستی گۆڕان وهێزەکانی تر دەربکەوێت! هەڵبژاردن بوو وای کرد مسعود بارزانی بۆی نەبێت خۆی هەڵبژێرتەوە! کەچی بڵێ نارۆم.هەڵبژاردن بوو وایکرد یەکێتی سۆسیال دیموکرات بڵێت قورسایی ئێمە بە کورسی نیە! دواجار بەڵێنەکانی هەڵبژاردنبوو وایکرد درۆکانیان چیتر جێگای باوەڕ نەبێت. بۆیە هەمو کات وتومە تا ئەم ساتە هەڵبژاردن تاکە رێگایە بۆ گۆڕانکاری، بۆیە دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردن بین گەر دەمانەوێت شتێك بگۆرێت گەر کەمیش بێت.

**پرسی ڕۆژ:** بریاری دادگای ئیتیحادی بۆچی کورسی پێکهاتەکانی نەهێشت، لە کاتێکدا لە داواکە داوای دابەشکردن کرابوو نەك نەهێشتن؟ کاکەلاو تەحسین: دادگای فیدراڵی گەراوەتەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، بەگوێرەی ئەو یاسا بنەرەتیە کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان و ئەرمەن دانەنراوە، وە بۆ پێکهاتەی کلدان وسریان وئاشور پێنج کورسی دانراوە، تەنها بۆ یەك خوول. نەهێشتنی کورسی تورکمان وئەرمەن شتێکی چاوەڕوان کراو بوو، چونکە لە عێراق کورسی بە کەمینەی نەتەوەیی نەدراوە، بەڵکو بە کەمینەی ئایینی دراوە. بەڵام هەلگرتنی کورسی کلدان وسریان وئاشور جێگای پرسیارە؟ بەڵام هەڵگرتنی کورسی کلدان سریان ئاشوری، هۆکارەکەی ئەوەیە لە دەستوری عێراق بە دەق ڕێژەی کورسی بۆ پێکهاتەکان دیاری نەکراوە، هاوشێوەی ئەوەی لە دەستور /٥□ بۆ ژن دانراوە بۆیە دادگا دەڵێت نا دەستوریە. کەواتە هەر ئەو داوا وبریارە سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەی کورسی کدان سریان ئاشور لە پەرلەمانی عێراق، هەر کات هەر کەس ولایەنێك داوای بکات وداوا بەرز بکاتەوە.

### پرسی ڕۆژ: رات وایە پارتی دوای کشانەوەی نوێنەرەکەی لە دادگای ئیتیحادی بایکۆتی هەڵبژاردن بکات؟

**کاکەلاو تەحسین:** من وای نابینم پارتی بەشداری هەڵبژاردن نەکات، چونکە ئەوە بە زەرەرێکی گەورەی خۆی تەواو دەبێت. جگە لەوەش ئێستا پارتی حەزدەکات کارتەکان تێکەڵ بکاتەوە وسەرلەنوێ حکومەتێکی تازە دروستبکەنەوە، چونکە لە ئێستادا حکومەت قوفڵ بووە.




### پرسی ڕۆژ: کەواتە رات وایە هەڵبژاردن دەکرێت؟

**کاکەلاو تەحسین: دوو هێز هەیە دەتوانن رێگر بن لە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن، ئەوانیش یەکێتی وپارتیە، پارتیمان باس کرد. سەبارەت بە یەکێتیش لە ئێستادا دۆخی ناوەخۆ ودەرەوەی حیزبەکەیان بە باشی دەبینن بۆیە حەز دەکەن بکرێت.**

**پرسی ڕۆژ:** هیچ هێزێك زۆرینەی پەرلەمانی دەهێنێت؟

کاکەلاو تەحسین: بە رەهایی نەخێر؛ یەکێتی و پارتی رکابەریان لەسەر شەست و پێنج کورسی دەبێت، وە یەککگرتوو، کۆمەڵ، نەوەی نوێ،گۆڕان، لستەکەی لاهور، ئەوانی تر لەسەر ٥□ کورسی شەردەکەن. وە پارتی □□ کورسی کۆتاکانی لە دەست داوە لەگەڵ سێ کورسی حیزبە بچوکەکان کە حیزبی شوعی و سۆسیالست و حیزبەکەی باپیر کامەلا .چونکە بەهۆی چوار بازنەیی حیزبی بچوك ناتوانێ یان زۆر بە زەحمەت دەتوانێ بگاتە پەلەمان.

### پرسی ڕۆژ: جگە لە یاسای هەڵبژاردن، چ خاڵێکی تر کە جێگای سەرنج بێت لە بریارەکە هاتوە؟

**کاکەلاو تەحسین:** خاڵێك کە زۆر گرینگە وزۆر کەم لەهێزو چاودێران لەسەری وەستاون، ئەوەیە کە بێئەوەی لە داواکە هاتبێت وکەس داوای کردبێت، دادگای باڵا بریاری هەڵوەشانەوەی بریای ژمارە یەکی ساڵی ٥٠٠□ی داوە، بە گوێرەی ئەو بریارە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی باڵای یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنوسازەکانە، دیقەت بدەن بە وردی واتە پەرلەمان دەسەڵاتی بریارو یاسای گرینگ وکاریگەری نەماوە! زیاتر وەك ئەنجومەنێکی کارگێریە، بەڵام کۆمیدیاکە لەوەیە کە پەرلەمان زۆرینەی کات لای ئەو هێزانە بووە کە بەرەی دژە پارتین وحکومەتیش لای پارتی بووە. ئەو بریارە چەکێك بوو بە دەست یەکێتی گۆڕان یەککگرتو کۆمەڵ کە هەموو کات داوایان دەکرد پرسە چارەنوسازەکان بگەرێتەوە پەرلەمان، وپەرلەمان مەرجەعە، وهەردەم پارتی دژی ئەو مادەیە بووە. بۆنموونە داوادەکرا پرۆژەی دەستور بگەرێتەوە پەرلەمان، ولە پەرلەمان بریاری لەسەربدرێت، داوادەکرا هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بەهەمان شێوە. کەچی ئێستا کە دادگا ئەوەی بە دەرفەت زانیوە وئەو بریارەی هەڵوەشاندۆتەوە، وبە پێچەوانەی جاران پارتی بەرگری لێدەکات، ولایەنەکانی تر دڵ خۆشن یان لانی کەم بێدەنگن بە هەڵوەشانەوەی!


# سەبارەت بە هەژدەی برومێری لویس بۆناپارت

## نووسینی: میرۆ عبدالکریم

له‌ ژماره‌ی پێشووی "بۆ پێشه‌وه‌" دا نوسینێكی هاوڕێ توانا حه‌مه‌نوری له‌سه‌ر كتێبی هه‌ژده‌ی برومێری لویس بۆناپارت بڵاوكرایه‌وه‌. لێره‌دا به‌ چاكی ده‌زانم، به‌ مه‌به‌ستی ده‌وڵه‌مه‌ندكردنی نه‌ریتی ماركسی و به‌رچاوڕونی خوێنه‌ران، چه‌ند سه‌رنجێك به‌ گشتی و یه‌ك دوو ڕه‌خنه‌ش له‌سه‌ر نووسینه‌كه‌ بخه‌مه‌ڕو. ئه‌وه‌ش بڵێم كه‌ ئه‌م نووسینه‌ی من چه‌ند سه‌رنجێكی ڕاگوزه‌ره‌ و حه‌قی ته‌واو به‌م شاكاره‌ی ماركس نادات. هیوادارم له‌ داهاتودا بابه‌ت و شیكاریی به‌پێز له‌سه‌ر ئه‌م كتێبه‌ بنوسرێت و زیاتر ئاوڕی لێ بدرێته‌وه‌.

١– ناونیشانی كتێبه‌كه‌ بیكه‌ی به‌ كوردی ده‌بێت به‌ هه‌ژده‌ی برومێر، نه‌ك هه‌ژده‌مین برومێر. برومێر مانگێكه‌ له‌ ڕۆژمێری شۆڕشی فه‌ڕه‌سی به‌ واتای مانگی ته‌م، له‌ ٢٣ ی ئۆكتۆبه‌ر ده‌ستپێده‌كات تا ٢١ ی نۆڤه‌مبه‌ر. چۆن له‌ كوردیدا بۆ نمونه‌ ناوترێت حه‌ڤده‌هه‌مینی شوبات به‌ڵكو ١٧ ی شوبات، بۆ هه‌ژده‌ی برومێریش به‌ هه‌مان شێوه‌. لویس بۆناپارتیش كوڕه‌زای ناپلیۆن بۆناپارت نییه‌، به‌ڵكو برازایه‌تی. هه‌ڵبژاردنی هه‌ژده‌ی برومێر وه‌ك ناونیشانی كتێبه‌كه‌ له‌لایه‌ن ماركسه‌وه‌ دركه‌ و ئاماژه‌یه‌ بۆ ده‌سه‌ڵات گرتنه‌ ده‌ستی ناپلیۆنی یه‌كه‌م له‌ ١٨ ی برومێری ساڵی هه‌شته‌می شۆڕش (كه‌ ده‌كاته‌ ٩ ی نۆڤه‌مبه‌ری ١٧٩٩)، به‌كارهێنانی ئه‌م ڕێكه‌وته‌ به‌ مه‌به‌ستی گاڵته‌پێكردن و سیخورمه‌ وه‌شاندنه‌ له‌ لویس بۆناپارت، كه‌ ده‌یویست لاسایی ناپلیۆنی مامی بكاته‌وه‌ و ده‌وڵه‌تی– قه‌یسه‌ری و ئیمپراتۆری بنیاتبنێته‌وه‌. وه‌گه‌رنا له‌ مێژووی لویس بۆناپارتدا هه‌ژده‌ی برومێر ڕێكه‌وتێكی گرنگ نییه‌ و خودی ڕۆژمێری شۆڕشیش له‌سه‌رده‌می لویس بۆناپارتدا چیدی به‌كارنایه‌ت.

٢– ماركس له‌ كتێبه‌كه‌دا چه‌مكی بۆناپارتیزم به‌كارناهێنێت، چه‌مكه‌كه‌ دواتر بڵاوده‌بێته‌وه‌ و ده‌وڵه‌ته‌كانی هاوشێوه‌ی كۆماری دوه‌م له‌ لایه‌ن هه‌ندێ مێژونوسی ماركسییه‌وه‌ ناوده‌نرێن ده‌وڵه‌تی بۆناپارتیستی. ماركس ته‌نها شیكاری بۆ ده‌وڵه‌تی بۆناپارتیستی كردوه‌ به‌بێ به‌كارهێنانی چه‌مكه‌كه‌. ده‌وڵه‌تی بۆناپارتیستیش ئاراوته‌ نییه‌ له‌ تێگه‌یشتنی ماركسی بۆ ده‌وڵه‌ت له‌ سیسته‌می سه‌رمایه‌داریدا؛ له‌ هه‌مو شێوازه‌كانی حوكمڕانی له‌ سیسته‌می سه‌رمایه‌داریدا ده‌وڵه‌ت نیمچه‌ سه‌ربه‌خۆیه‌ و ده‌كه‌وێته‌ سه‌روی به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌م یان ئه‌و جۆری سه‌رمایه‌وه‌، به‌ڵام له‌ كۆتایدا به‌رژه‌وه‌ندی چینی سه‌رمایه‌دار به‌ هه‌موو به‌شه‌كانیه‌وه‌ ده‌خاته‌ پێش به‌رژه‌وه‌ندیی چینه‌كانی دیكه‌. ماركس له‌م كتێبه‌دا دژی ئه‌و بۆچونه‌ی بۆرجوازییه‌ كه‌ پێی وایه‌ هاتنه‌ سه‌ركاری لویس بۆناپارتی عه‌سكه‌رتار له‌ناكاو و چاوه‌ڕواننه‌كراوبوو، به‌ڵكو به‌ ده‌ره‌نجامی خودی سیاسه‌تی بۆرژوازی ده‌زانێت: كه‌ بۆ قایمكردنی پێگه‌ی خۆی له‌به‌رامبه‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی شۆڕشی كرێكاریدا ئاماده‌یه‌ ده‌ست به‌رداری ئه‌و شێوازه‌ سیاسه‌تكردنه‌ بێت كه‌ پێی ناسراوه‌ و هه‌ڵده‌ستێت به‌ خۆكوژی سیاسی و به‌زمانی حاڵ مایه‌پوچیی سیاسی خۆی ڕاده‌گه‌یێنێت؛ بۆ مسۆگه‌ركردنی به‌رژه‌وه‌ندی ئابوری له‌به‌رامبه‌ر "دێوه‌زمه‌ی سور" و پاراستنی نه‌زم و یاسادا دا ناچار بواری سیاسه‌ت قۆناغ به‌ قۆناغ ده‌سپێرێت به‌ لویس بۆناپارتی عه‌سكه‌رتار و سه‌ركوتگه‌ر، كاتێكیش به‌ هۆش خۆی دێته‌وه‌ ده‌ستی له‌ بنی هه‌مانه‌كه‌وه‌ ده‌رچوه‌. بۆرجوازی له‌ پاش سه‌ركوتی كرێكاران و سۆسیالیسته‌كان هێنده‌ له‌ شۆڕش و گۆڕانكاری ده‌تۆقێت، كه‌ ناوێرێت بچوكترین ڕیفۆرم بكات یان فۆرماڵترین مافی سیاسی و یاسایی ده‌سته‌به‌ر بكات، نه‌وه‌كو مۆری سۆشیالیزم و پاشاگه‌ردانیخوازی له‌ناوچاوی بده‌ن. دۆشدامانی سیاسیی بۆرجوازی و هیچ له‌بارنه‌بوییان له‌لایه‌ك و دژه‌ شۆڕشبونیان له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ ده‌بێته‌ هۆی هه‌ڵكشانی ئه‌ستێره‌ی به‌ختی سیاسیه‌كی سه‌ره‌ڕۆی وه‌ك لویس بۆناپارت. بۆرجوازی كه‌ به‌ناوی پاراستنی ئاین، نه‌زم، خێزان و خاوه‌ندارێتی و ئاسایش و ئارامی گشتیه‌وه‌ له‌ ١٨٤٨ دا سۆسیالیزمی سه‌ركوت ده‌كرد، دواتر هه‌ر به‌و ناوانه‌ش خودی خۆی سه‌ركوت كرا. به‌ناوی پاراستنی نه‌زم و نه‌ریت و یاساوه‌ بازنه‌ی ئازادییه‌كان هێنده‌ به‌رته‌سك ده‌كرێته‌وه‌ تا هه‌مو ده‌سه‌ڵات له‌ ده‌ستی لویس بۆناپارتدا كۆده‌بێته‌وه‌. فاشیزمیش له‌ سه‌ده‌ی بیستدا به‌ جۆرێك له‌ جۆره‌كان درێژكراوه‌یه‌كی بۆناپارتیزمه‌ و شێوازێكی حوكمڕانی سه‌رمایه‌دارییه‌، كاتێك شۆڕشی كرێكاری ده‌بێته‌ هه‌ڕه‌شه‌ له‌سه‌ر سیسته‌می سه‌رمایه‌داری و نه‌زم و نه‌ریتی سیاسی


Die Revolution,
Eine Zeitschrift in zwanglosen Heften.
Herausgegeben von
J. Weydemeyer.
Erstes Heft.
Der 18te Brumaire des Louis Napoleon
von
Karl Marx.
New-York.
Expedition: Deutsche Vereins-Buchhandlung von Schmidt und Helmich.
William-Street Nr. 191.
1852.

لیبراڵی ناتوانێت جڵه‌وی ئه‌م هه‌ڕه‌شه‌یه‌ بگرێت، ئه‌وا فاشیزم دێته‌ گۆڕێ، یان سیاسه‌تی خودی بۆرجوازی له‌ هه‌وڵیدا بۆ سه‌ركوتكردنی هه‌ڕه‌شه‌ی شۆڕشی كرێكاری له‌ لیبرالیزمه‌وه‌ ده‌گۆڕێت بۆ فاشیزم.

٣– ئه‌م كتێبه‌ی ماركس هه‌رچه‌ند كتێبێكی بچوكه‌، به‌ڵام یه‌كێكه‌ له‌ گرنگترین كتێبه‌كانی ئه‌ده‌بیاتی ماركسی، گرنگیه‌كه‌ی ته‌نها له‌ بواره‌كانی تیۆریای شۆڕش، دژه‌ شۆڕش، سیاسه‌ت و ده‌وڵه‌تدا نییه‌، به‌ڵكو توانای ئه‌ده‌بیی ماركسیش ده‌رده‌خات كه‌ چۆن شیكاریه‌كی سیاسیی بابه‌تیانه‌ به‌ ڕه‌وانبێژیه‌كی پاراو و تێراو له‌ وێنه‌ی ئه‌ده‌بی و ته‌ژی له‌ زمانی خوازه‌، لێكچواندن، دركه‌ و ئاماژه‌ ده‌خاته‌ به‌رده‌م خوێنه‌ر. ماركس له‌م كتێبه‌دا زبرترین زمانی داشۆرین تێكه‌ڵ ده‌كات به‌ جدیتیرین خوێندنه‌وه‌ی مێژوویی. خوێنه‌ر له‌ كاتی خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م كتێبه‌دا مێژووی وه‌ك ته‌خته‌یه‌كی شانۆ دێته‌ پشچاو و ڕوداوه‌كانیشی لێ ده‌بێت به‌ درامایه‌ك، له‌م درامایه‌دا ماركس مه‌رگی تراجیدیانه‌ی كرێكارانی سه‌ركوتكراو له‌ یاخیبونی حوزه‌یرانی ١٨٤٨ دا به‌رز ڕاده‌گرێت (كه‌ به‌ قاره‌مانی ڕاسته‌قینه‌ی دراماكه‌یان ده‌زانێت)، له‌وسه‌ریشه‌وه‌ باڵه‌ جیاوازه‌كانی بۆرجوازی، له‌ كۆماریخوازی ده‌ستورخوازه‌وه‌ بگره‌ تا ده‌گات به‌ پاشایخوازان، به‌ر سیخورمه‌ و ته‌وس و پلار ده‌دات، كه‌ نه‌ك پاڵه‌وان و شۆڕشگێڕ نه‌بون، به‌ڵكو میراتی شۆڕشگێڕانه‌ی بۆرجوازیی ١٧٨٩ یشیان كرد به‌ گاڵته‌جار....

## كرێكاران، زه‌حمه‌تكێشان، لایه‌نگرانی وشه‌و ده‌نگی ئازاد!

بڵاوكراوه‌ی بۆپێشه‌وه‌، زمانی تیژ و پاراوی كۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوه‌یه‌، ده‌نگ و سه‌كۆی بزوتنه‌وه‌ی ناڕه‌زایه‌تی سۆسیالیستیتانه‌، به‌دژی نیزامی زاڵمانه‌ی سه‌رمایه‌داری و سه‌كۆیه‌كی لێبڕاوه‌ بۆ ڕووبه‌ڕوبوونه‌وه‌ی فكر و ڕاگه‌یاندنی داڕزیوو فریوكارانه‌ی بۆرژوازی و بزوتنه‌وه‌و ڕه‌وته‌ سیاسی و فكری و حزبییه‌كانی...

بۆ ئه‌وه‌ی بۆ پێشه‌وه‌، بتوانیت نه‌خشی چینایه‌تی و ئه‌ركی پێناسه‌كراوی خۆی سه‌ركه‌وتوانه‌ بباته‌ پێشه‌وه‌، له‌ هه‌واڵی ناڕه‌زایه‌تییه‌كانتان، له‌ خۆپیشاندان و مانگرتن و خواسته‌كانتان، له‌ كێشه‌و گیروگرفته‌كان و ڕێگریه‌كانی به‌رده‌م خه‌بات و یه‌كگرتوویتان، به‌رده‌وام ئاگاداری بكه‌ن... ئه‌و هه‌واڵانه‌ی حزب و بزوتنه‌وه‌ و میدیای بۆرژوازی و سێبه‌ریان، ده‌یانه‌وێ به‌لاڕێ، یان په‌رده‌پۆشی بكه‌ن، ئێوه‌ به‌ ئێمه‌ی بگه‌یه‌نن... ئه‌و ڕاستیانه‌ی ئه‌وان په‌رده‌پۆشی ده‌كه‌ن، له‌ ڕێگای بۆپێشه‌ووه‌، په‌رده‌ی له‌سه‌ر هه‌ڵبماڵن... هه‌واڵی نائه‌منی شوێنی كار و قوربانیانی، هه‌واڵی سه‌ركوت و دزی و تالانی ده‌سه‌ڵات و كۆمپانیاكانیان، هه‌واڵی توندتیژی دژ به‌ژنان و قوربانیه‌كانیان، هه‌واڵی پێشێلكاری ئازادیه‌ سیاسیه‌كان، ئازادی ڕۆژنامه‌گه‌ری و ئازادی مافه‌ فه‌ردی و مه‌ده‌نییه‌كان... به‌ ئێمه‌ بگه‌یه‌نن. بۆپێشه‌وه‌، ده‌نگی سازش هه‌ڵنه‌گرو سه‌كۆی ڕاستبێژی و مه‌یدانێكی گرنگی ئێوه‌یه‌، له‌ پێناو دنیایه‌كی باشتردا. له‌هه‌ر جێگاو گۆشه‌یه‌كی ئه‌م دنیایه‌ن له‌په‌یوه‌ندی به‌ردوامدابن له‌گه‌ڵیدا...ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ ئه‌دره‌س ئیمێڵ و پێگه‌ی بۆ پێشه‌وه‌یه‌..

bpeshawa@gmail.com
www.bopehsawa.net

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕێبوار حەمە شەریف




## لەدوێنێ یەکی تاریکەوە بۆ ئەمڕۆیەکی ڕووناك....
## لەدیوانی دوێنێ تاریك بوو عبدالقادر سەعید

**نووسینی/ جەمال نوری**

شاعیر ئەو کەسەیە کە زیاد لە پێویست ئەبینێت، واتە وەک شایەتێک وایە. بەڵام نوقتەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ خەڵکیدا ئەوەیە گرنگیدانێتی بە دنیاو ژیان: مرۆڤێکە ئەیەوێت فێربێت، ڕۆحێکی گەڕۆکە. واتە پێش هونەرو داهێنان، ئەژی و دەگەڕێت. بەس من لێرەدا زیاتر لەوەی باسی گەران و ڕاستی و جوانی و شاهید بونی داهێنەر بکەم، ئەمەوێت باسی هەستی بکەم یان مەسەلەی دڵ و خۆشەویستی. دەبینینین شاعیر لەلایەک هەستێکی ئێجگار فراوان و گەورەی خۆشەویستی تێدایە، لەلایەکی تریشەوە ڕۆئەچێتە پاڵەپەستۆیەکی ناوەکی و ئازارێکی بێبنەوە. ئەم پارادۆکسە پانتایەکی فراوانی لە دیوانی دوێنێ تاریک بوو. دا داگیرکردوە.

پارادۆکس لەدەقەکانی (عبدالقادرسەعید) دا بەشێوەیەکی ئێستاتیکی کاری لەگەڵ ئەم پارادۆکسەدا کردوە، وەک لە دەقی " بەهەشت و دۆزەخ" دا بەجوانی دەردەکەوێ.

لێرەدا دەڵێ :--

سۆزانییەکان، بەئاشکرا پێدەکەنن
بەنهێنی دەگرین..
نیشتمان فرۆشەکان بە ئاشکرا
دەگرین
بەنهێنی پێدەکەنن..

دەبینین دووم مەفهومی دژە یەک لەدەقێکی شیعردا دەکاتە هاوەڵی یەک، لێرەدا شاعیر هانای بردۆتە بەر کۆدو هێماو دەستەواژە گەلێک مەگەر لەحاڵەتی شیکردنەوەدا بۆمان دەربکەوێ داخۆ ئەو چەمکە سۆزانیەک و نیشتمان فروشێک چۆن لە هاوکێشەیەکدا دێنەوە، ئەمە ئەو شارەزایی و بیرکراوەیی شاعیر دەخاتە روو بەڕوونی. ئەو پارادۆکسە نیشان دەدا. وەک لێرەدا دەڵێ...

نیشتمانفرۆشەکان
بەئاشکرا دەگرین بۆ قوربانیەکان
کە بۆ خۆیان بوونەتە جەلاد،
بەڵام دواتر پێیان پێ دەکەنن..
وەلێ سۆزانی کە لەشی خۆی
دەفرۆشێ بە ئاشکرا پێ دەکەنێ
وەلێ دواجار بۆ حاڵی خۆی
دەگری کە پاشەڕۆژێکی
دروست نەکرد.

شاعیر بۆ شوێنێکی دیکە دەگەڕێ، شوێنێک کە تیایدا دووربێ لە ترس و تۆقاندن، دووربێ لە موعیزەو تەکفیرکردن لەهەردوو دۆخەکەشدا جووڵەکان کارێکتەرێکی سەرەکی دەربڕینە هەستییەکانە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی ئەم جێگەیەوە هەیە.

هیچ ڕێگایەک
ناچێتەوە سەر هیچ
سۆزانیخانەیەک
تەنیا ئەو ڕێگایەک نەبێت
ئەندازیاری هەژاریی
نەخشەی بۆ کێشاوە


عبدالقادر سەعید لە دیوانە شیعرێکەی دەخوازێ مرۆڤ بەکامڵی ژیان بگات، لەڕێگای زمانی شیعرەوە دەیەوێ ئەمە تەوزیف بکات. واتە ئەگەر شعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات. زمانی شیعر زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن جیاوازترە..

شاعیر لە (دوێنێ تاریک بوو) تێکشکاندنی واقیع و دەرکەوتەکانی، پێشان دەدات. بەڵام ئایا چ شتێک دەتوانێت پەرە بەو فیکرە قووڵە بدات کە شاعیر بۆی دەکۆشێ.. ئایا تاکە جووڵێنەر و بەکاربەری ئەو فیکرە چییە؟ ڕەخنە چۆن دەتوانێت بەشداری لە گەشەسەندنی مەعریفی دا بکات. ڕەخنە هێزی جووڵێنەری کۆمەڵگە و کەلتوورەکەیەتی. هەر کاتێ ڕەخنە توانی خۆی بگەیەنێتە ئاست پرسە واقیعییەکان و توانای تێپەڕاندنی دۆخی واقیعی خۆی هەبێت. ئەگەر نا، لەو ئاستەی هەیە بگرە نزمتریش، دادەبەزێت.

عبدالقادر سەعید لەڕێگای ڕەخنە واقیعییەکانییەوە لەو کەلتورە ڕزیوەی کۆمەڵگە دەدات و دەیەوێ لەڕێگای فیکرەوە واقیعی پۆست مێژووی کۆمەڵگە تێپەڕێنێ.

هەروەک لە دەقی
(هەژاریی گیاکەڵەی باخێکە
تەنیا بەجوتیاری
وریا بنەبڕ دەکرێت)..!

کۆمەڵگەی ئەڵمانیا لە ڕێگەی فیکرەوە توانی (پۆست مێژوو/ post-history)تێپەڕێنێت. بە هەمان شێوەی دەڵێت فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی درێژەپێدەری مێژووی ئەڵمانیایە. لەو کاتەدا فەلسەفەی ئەڵمانیا لەژێر هەڕەشەی بەدرۆخستنەوە دابوو، بەڵام لە دیدی (مارکس)دا ئەو ڕەخنانە جگە لە چەند هەوڵێکی رووکەش، کە بە کەرەستە و دەستەواژەی تورە و بەسەرچوو، هیچی دیکە نەبوو.



لەو بۆچوونەی (مارکس)دا بۆمان دەردەکەوێت ڕەخنە تاکە جووڵێنەری کۆمەڵگە و کەلتوورەکەیەتی. بە سەرنجدانمان لە مێژوو و کەلتووری پێنجسەد ساڵەی ئەڵمانیا، بۆمان دەردەکەوێت بەردەوام فەیلەسووف، ئەدیب و هونەرمەندی گەورەی پێشکەش بە جیهان کردووە. ماوەی چەند سەدەیەکە کۆمەڵگەی ئەڵمانیا ساڵ لە دوای ساڵ تەکانی گەورەی بە خۆوە بینیوە. بە ئاسانی دەتوانین میتۆدە ڕەخنەییەکانی ئەڵمانیا بناسینەوە. بە هەمان شێوە ئەم هاوکێشەیە بۆ فەرەنسایش هەر گونجاوە، بە تایبەت کاتێ بمانەوێت هەڵوێستە لەسەر مێژووی پێش شۆڕشی فەرەنسی بکەین. شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789 هەر بە تەنیا ڕووداوێک نییە، کە لە ئەنجامی تورەیی و هەژاریی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو زادەی هۆشیاربوونەوەو گەشەکردنی مەعریفی و ڕەخنەیی کەلتووری فەرەنسا خۆیەتی bۆیە کاتێ ناوی ئەو شۆڕشەمان بەر گوێ دەکەوێت، (ڕۆسۆ)، (مۆنتیسکۆ) و (ڤۆڵتێر)مان بیر دێنەوە. ئەوان لە ڕێگەی خوێندنەوە ڕەخنەییەکانیانەوە واقیعی ئەو کاتی کۆمەڵگەیان ڕووبەڕووی تەکانی گەورە کردەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم ئاستی گەشەی فیکری و مەعریفی لەگەڵ خۆیدا گەشەکردن لە سرووشت و شێوەی ژیانی تاکەکان دەئافرێنێت. کەلتووری ئەڵمانیا و فەرەنسا زادەی ئەو هەوڵە ڕەخنەییانەن، کە بە درێژایی چەندین سەدە بەرهەمیان هێناون. تەنانەت لەسەر ئاستی زمان و فکر و فەلسەفە

هەربۆیە شاعیر دەیەوێ لەڕێگەی ڕەخنە گەلێکی مەعریفیەوە لەو قۆناغە چەقبەستوەی کۆمەڵگەکەی بدات، تاوەکو لە ڕێگای هوشیاریی کۆمەڵایەتی و هوشیاریی ئەدەبی ڕەخنەییەوە کۆمەڵگە قۆناغێکی گەشەکردوی ڕەخنەیی بێتە ئاراوە.

## دایك و ژن



من لە ژمارەدا کۆڵم !
زۆر پێم ئەڵێن :
یەك و یەك دەکاتە چەند ؟
هەر چەند ئەکەم و بیردەهێنم
ئەم دوو یەکەم بۆ نابێتە ژمارەیەك !
بیر لە پۆلی ساڵی یەکەمی قوتابخانەم'
مامۆستاکەم (تۆفیق) بوو
لێی دەپرسیم ؟ .. ئادەی (ڕێوگار')،
گوێزیك' و گوێزێك ' دەکاتە چەند؟
پەنجەکانم" تێك ئەئاڵاندو دەمژماردن !
بیرم دەفرێ
بۆ چۆلەکەی گوێسەوانەو
کەناری دەنگ خۆشی چڵێك،
لە داری باخی (میر)ە وە بیریٰ بێ،
لەوێ□ هۆشم چینەی دەکرد
کات، ئەڕۆیشت و
بێ وەڵام،،،. بۆ مامۆستاکەم ڕادەمام !

هەر چەند ئەکەم و
لە ژمارەدا فێر نابم و
بیرکۆڵم □!
فیزیا باشم کیمیاش باشم !
هەرچی چیرۆك و داستانی مێژووی ئەغریقی کۆن
لە ئاشوور تا
هانی پاڵ و تا هیتدیٰ.. هەردێ هەر باشم !
زهنم باشە و
جارجار،
هۆشیار ئەبمەوە کە من وا هەم !
بەڵام چ بکەم !..
ڕێکەوتێك، بۆتە نسیبم، پێش شازدەی سێ و
دوای شازدەی سێ .

ژنێك :
هەیە ڕەنگی لە ڕەنگی حەوا دەچێ□
فەقیانەکەی و سەرپۆشەکەی
بۆتە وێنەی هەوری سپی
هەر هەنگاوێ لێرەو لەوێ
من هەر هەنگاوێ هەڵبنێم
(ئەو)، بە دومدا خۆی دەکشێنێ و دێ!
ڕێژنە هەورە بارانەیەو، وا ڕادێ

جارجار دوو کوڕی زرنگی شار
هەر بە نۆرە، ئەیگرنە کۆڵ،
بەرزی بنار لوتکە نشێوو..
تا دوا سنوور،
دەرچوون لەمەرگەوە بۆ بەرەوژیان،

من بیرکۆڵم !
لە ژمارەی یەك و یەکدا
هەتا ئێستاش: تا پێم نەڵێن :
سێوێك و سێوێك دەکاتە چەند
قەدت نازانم، دەکاتە چەند،
تا نەڵێن:
ئەی لە ڕێکەوتەکەی ..
شازدەی سێ، ئەوە کێ بوو؟
دوو هاوژین "و
دایکی شەهید دلاوەری گرتە کۆڵی □
ئەو وەڵامی یەك و یەکەم□ مم،
بۆنایەتەوە بیرو هۆشی کلۆڵم .

ئیتر من وام چ بکەم .!!!

ڕۆحتان شاد ژنانی شار
دایکی شەهید دلاوەر و ئاسۆو نەوشیروانی هاوڕێم
من قەرزارتانم دایکەکانی شارم .

**ڕێبوار حەمەشەریف**



# جەنگەکان جیاوازن

نجم الدين فارس حسن

**بەشی یەکەم**

ه مێژووی ململانێی چینایەتیدا، کاتێک کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر ئاسەواری کۆمەڵگەی دەرەبەگەیەتی بنیات ئەنرێ و گیان بەبەریدا دەهێنرێت، دوو چین پێکهاتی ئەم کۆمەڵگەیە دیاری دەکات، دوو چینی دژ بە یەک و یەک ئەوی تر دیاری دەکات. سیستەمی سەرمایەداری، لەسروشتی کۆمەڵایەتی ئابووریەکەیدا، دوو چینی جیاوازی لە کرێکار و سەرمایەدار پێکدەهێنێت، وە لەسروشتی ململانێ ئامێزییاندا چەرخی پەیوەندی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتی هەڵئەسوڕێنن. هەر کاتێک کۆمەڵگەکان، ئەم دوو چینەی تیا دەبینرێت، دوو پێکهاتی ئابووری جیاوازی، بەدوو بەرژەوەندی جیاوازەوە دەبێتە سەرچاوەی دووجۆر ژیان و گوزەرانی جیاواز. ئەم دوو چینە سروشتی پێکەوە ژیانیان لەکێشمەکێش و لە ململانێدان لەگەڵ یەکتریدا. واتا سروشتی پەیوەندییە ئابووریەکەیان ناکۆکی چینایەتی و ئەم ململانێیە دیاری دەکات.

> **کاتێك جەنگ لە نێوان دوو دەوڵەتی یەك فرماسیۆنی ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ نمونە سەرمایەداریدا ڕوودەدات جەنگێکی زۆر کۆنەپەرستانەیە و دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاری پڕۆلیتاریایە. چوونکە ئەم شەڕانە بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیانە لە ناوچەکە و جیهاندا...**

ئەم ناکۆکییە جەنگی ڕۆژانەی بەردەوامی لەئاستی جیاواز تێدایە، بە ئاڕاستەی دوو بەرژەوەندی جیاواز لەگەڵ یە کتریدا دەجەنگن. ئەم جەنگە چ وەک تاک یان وەک دەستە و گروپ و کۆمەڵ بێت یان لەئاستێکی فراوانی چینەکاندا بێت جەنگێکی هێمنانە نییە. بەڵکو جەنگێکە کە لەسروشتی پەیوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە سەر دەردەکات و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، بەشێوەو میکانیزم و تایبەتمەندی تایبەت بە جۆری جیاوازی جەنگەکان لە پێویستی داخوازیەکانی بەرژەوەندی هەردوو لایەن لە کێشمەکێشی بەردەوامدان.

لەسیستەمی سەرمایەداریدا، جەنگی ڕەوای ڕۆژانەی جیاوازی ئابووری کە لە خەباتی ئابووریدا دەبینرێت. جیاوازی هەیە لەو جەنگەی کە شەڕی کۆمەڵایەتی و جەنگی ڕەوای کۆیلەی مۆدێرنە دژ بە چەوسانەوەکانی سیستەمی سەرمایەداری و نادادیەکانی لەدابەشکردندا و لەناوبردنیانە. واتا جەنگی ڕۆژانەو خەباتی ئابووری لە جۆری یەکەمیاندا لە چوارچێوەی زیادبوونی کرێدایە. ئەبێت ئەوەش بزانرێت جەنگ بە مانا شۆڕشگێڕییەکەی نابینرێت، لە خەباتی ئابووریدا. واتا جەنگ لە پێناو چارەسەرکردنی هەنووکەیدایە.

واتا ئەم جەنگەیان جەنگی گۆڕینی دەسەڵات نییە. جەنگیی لە ناوچوونی چینە کۆمەڵایەتیەکان نییە. جەنگی گۆڕانی سیستەمێکی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتی نییە. جەنگی جێگرتنەوەی دەسەڵاتی چینێک نییە لە بەرامبە ر چینێکی تردا.

ئەم جەنگە جۆرێکی ململانێکانە، واتا هیچ کات ناکۆکی و جیاوازی بەرژەوەندییەکان، جەنگێکی هێمنانە بەخۆیەوە نابینێت، هەتا ئەگەر ئەم جەنگەش نەبێتە هۆی گۆڕانی سیستەمەکە. ئەو ناکۆکییە لە سروشتی دروست بوون و سەرهەڵدانی ئەو دوو چینەوە لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانەدا لە جیاوازی پێگەی ئابووریەوە سەر هەڵئەدات... بەم بۆچونە جەنگی فراوان و ڕەوای پڕۆلیتاریا لە نیزامی سەرمایەداریدا جەنگی لە ناوچوونی سیستەمی سەرمایە دارییە.

> **جەنگی ڕەوای پڕۆلیتاریا جەنگی لە ناوبردنی دەسەڵاتی سەرمایەدارانە، جەنگی لەناوبردنی چینی بۆرژوازی و سەرمایەدارانە. جەنگی ڕەوای کۆمەڵایەتی پڕۆلیتاریایە کە تاقە زامنی ڕێگای بنەبڕکردنی هەموو پلەیەکی برسیەتی و کۆیلەیەتی و جیاوازی ڕەگەزی و ڕەنگ و ماڵوێرانی و تراژیدیاکانی نیزامی سەرمایەدارییە...**

بێجگە لە جەنگی لە ناوچونی کۆیلایەتی کارو سەرمایە، هەموو جەنگەکانی تر نارەواو خوێنرێژ و دژی مرۆڤایەتین و هەوڵێکی سیستەمی سەرمایەداریە لە پێناوی مانەوەو قازانجدا.

ئەو کاتانەی پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی سەرمایەداری لە ئەمریکا و ئەوروپا جیهاندا دامەزراوەو دادەمەزرێت، ژیانی کۆمەڵێک لەئاستێکی زۆرباشی گوزەران و خۆشیدا دەبێت و ئاڕاستە دەگرێت و چینێکی فراوانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دواکەوتوویی و نەداری و هەژاری و چەندین جۆری کۆیلایەتی و بێکاری و هەتککردنی ماف و کەسایەتیان دەبنەوە. دیسپلینی کارکردنی سەرمایەداری لەپێناو قازانج و سەرمایەی زیاتر لە بەهرەکێشانی هێزی کاری پڕۆلیتاریایە، ڕووبەڕووی بێکارکردن و هەژاری ئەکرێن، هەر لەو کاتەدا جەنگی ژیانی مەمرەو مەژییەی پڕۆلیتاریا لەگەڵ سەرمایەدار ڕۆژانە دەست پێدەکات، وە هەر ئەو کاتەی کە کرێکارێک یان کرێکارانی کارگەیەک هەڵوێستی دژ بەبردنی زیادەی کاریان و بێ بەهرەبوون لێی، کردەی ڕژانە سەرجادە دەگرنەبەر یان لەناو کارگەدا بەرامبەر بە خاوەن کار ئەبزوێن، کاردانەوەی ئەو کارانەیە کە سروشتی پەیوەندی خاوەنکار بەرامبەر بە کرێکاران دەیگرنە بەر. واتا هەر لە سەرەتای لە دایکبوونی نیزامی سەرمایەدارییەوە، ئەم دژە وەستاندنە هەبووە و بوونیشی ئەبێت هەتا ئەم سیستەمە ئابوورییە بوونی هەبێت.

ئەبێت ئەوەش بزانین کە کاتێک جەنگ لە نێوان دوو دەوڵەتی یەک فرماسیۆنی ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ نمونە سەرمایەداریدا ڕوودەدات جەنگێکی زۆر کۆنەپەرستانەیە و دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاری پڕۆلیتاریایە. چوونکە ئەم شەڕانە بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیانە لە ناوچەکە و جیهاندا، یان بە واتایەکی تر، کاتێک دوو بەرژەوەندی جیاوازی یەک چینی وەکو سەرمایەدار لەململانێیدا ئەبن، هەریەکەیان بۆ بڕین و بەدەستهێنانی قازانج و پاوانخوازی زیاترە بۆ خۆیان. بۆ دوو دەوڵەتیش هەروایە، بەڵام لەئاست و جیاوازییەک و بەجۆرێکی فراوان تر ڕوودەدات. ئەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت کە ناکۆکی جۆرێکی هێمنانە نییە لە شەڕ، بەڵکو ئەوە ناکۆکییە کە جەنگ دروست دەکات. واتا بەتەواوی لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ناکۆکی جەنگ دەخوڵقێنێ و جەنگیش بەرئەنجامی بوونی ناکۆکییە. کاتێک ئیمپریالیزمی جیهانی ئەیە وێت بەشێک لە دنیا پاوانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆی بکات، واتا ئەیەوێت بازاڕ بۆ کاڵاکانی دروست بکات یان زیاتر و گەورەتر بکات.

واتا ئەو ناکۆکییە لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان یان دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتە هەژارو ناپیشەسازییەکانی دنیادایە، ناکۆکیەکی جیاوازترە لە ناکۆکی نێوان پڕۆلیتاریا و سەرمایەداران. واتا بۆ دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دەسەڵاتی چەوسێنەرانەیان بەرقەرار دەکەن لە ڕێگەی سیستەمی سیاسی و داموودەزگای پۆلیس و سەرکوتکردن و جەنگەکانیان. بەهۆی ململانێ و خوێن ڕشتنی دانیشتوانی سڤیلی ناوچە جیاوازەکان بۆ گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکان یان ململانێ بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکانی تری جیهان، جەنگ و کوشتارگا ئەخوڵقێنن، ئەم جەنگانە جەنگی ڕەوای گۆڕینی سیستەمەکە نییە. شەڕی بەدەستهێنانی سوود و قازانجی زیاتری کۆمپانیا و دەوڵەتەکانیانە لەسەر ئاستی بازاڕی جیهانیدا. بەم پێیە جەنگەکان جیاوازن لە ئامانج و ناوەڕۆکدا. لە کاتێکدا لە جەنگە نارەواکاندا پڕۆلیتاریا بەکار دەهێنرێت بۆ سوود و قازانجی سەرمایەداران ، ئیتر ئەو جەنگە لەناو خۆی دەسەڵاتێکی سیاسی یەک دەوڵەتدا بێت، یان دوو دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێک بگرێتەوە. وە لە زۆر جاریشدا بوون و ئەبنە چەکی بەرگریکردن لە حیزبە بۆرژوازییە جیاوازەکان لە شکڵداو بەرژەوەندییەکانیانی ئەوان دەبەنە پێشەوە و لەدژی خۆیان بەکاردەهێنرێت. وەک ئەوەی لە ڕووەندا و عێراق و لە کیشوەرەکانی ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین و.....هتد ڕویانداوەو ڕوودەدەن. لەبەرئەوە جەنگی نێوان سنوورە جیاوازەکان جەنگی ڕەوای پڕۆلیتاریا نین، یان جەنگە ناوخۆییە کۆنەپەرستەکانی حیزبە بۆرژوازیە جیاوازەکانی یەک سنوور جەنگی ڕەوای پڕۆلیتاریا نین.

جەنگی ڕەوای پڕۆلیتاریا جەنگی لە ناوبردنی دەسەڵاتی سەرمایەدارانە، جەنگی لەناوبردنی چینی بۆرژوازی و سەرمایەدارانە. جەنگی ڕەوای کۆمەڵایەتی پڕۆلیتاریایە کە تاقە زامنی ڕێگای بنەبڕکردنی هەموو پلەیەکی برسیەتی و کۆیلەیەتی و جیاوازی ڕەگەزی و ڕەنگ و ماڵوێرانی و تراژیدیاکانی نیزامی سەرمایەدارییە.

**ماویەتی...**



### یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە: دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{1}

## بەشی یەکەم

جیاوازی لێنین و بۆڵشەڤیکەکان لە بناغەییترین ئاستیدا لەگەڵ مەنشەڤیزم، جیاوازییەکی میتۆدۆلۆژییە. بەڵام ئەم جیاوازییە لەو شوێنەدا نییە کە "یەکێتیی کۆمۆنیستی" بەدوایدا دەگەڕێت. ئەم جیاوازییە لە ڕەوشی شیکردنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و "هاوسێیەتی و ئەو هاوپێکهاتووانەی بەرهەمهێناندا نییە کە لەودا هەن. تەنانەت ئەم جیاوازییە لەو جیاوازییانەوە پەیدا نەبووە، کە لە شیکردنەوەی فۆرمیلاسیۆنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ڕووسیادا هەن. "یەکێتیی کۆمۆنیستی" لە پێناو ڕۆشنکردنەوەی میتۆدۆلۆژی لێنیندا، بانگهێشتی خوێنەر دەکات بۆ دووبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵی مارکس (هەر بەو شێوەیەش بینیمان کە چۆن ئەم کتێبەش، بە پشتبەستن بە تەعمیمکردنی چەند بینراوێک لە "دنیای بچووکی کارخانەی ئینگلیزی" تا ئاستی نموونەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هێنراوەتە خوارەوە). بەڵام میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم بە مانای ورد و کۆی وشەکە، نە لە کاپیتاڵەوە دەستپێ دەکا و نە بە تەواوی و ڕاستەوخۆ لە کاپیتاڵدا ڕۆشن کراوەتەوە. تەنانەت نە بە شێوەیەکی لەپێشدا دانراویش پێویستە لەوێدا بۆی بگەڕێین. کاپیتاڵ نموونەیەکی بەرجەستەی بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیی مارکسە لە مەیدانێکی گرنگی ڕەخنەگریدا. بەڵام کاپیتاڵ دانراوێک نییە کە بۆ ڕۆشنکردنەوەی خودی ئەم میتۆدۆلۆژییە بشێت، میتۆدۆلۆژییەک کە بە مەیدانی ئابووری سیاسییەوە سنووردار نابێتەوە. "یەکێتیی کۆمۆنیستی" ئەوە پشتگوێ دەخات کە مارکس خۆی لە ساڵی ١٨٤٥دا، چەندین ساڵ بەر لە نووسینی کاپیتاڵ، ماتەریالیزمی تایبەتی خۆی، یانی کۆمەڵەی هەبوونناسی، ئیبستمۆلۆژیا و میتۆدۆلۆژیی خۆی لە ١١ تێزی کورتدا دەربارەی فۆیەرباخ (کە چەقی باسەکانی کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی پێک دەهێنێ) بە ڕۆشنترین شێوە خستۆتە ڕوو. "تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ" و "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" ئەو دانراوە بنەڕەتییانەن کە پێویستە بۆ دەرککردنی میتۆدۆلۆژیی مارکس بۆیان بگەڕێینەوە. بابەتی ئەم تێزانەش ئیتر باسێک نین دەربارەی ئابووریی سیاسی، بەڵکوو باسە دەربارەی ڕەخنە لە ماتەریالیزمی میکانیکی و ئیسکۆلاستیک و بنیاتنانی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی زانستی و پەیگیر لە بارەی هەموو جیهان و دەوروبەرەوە کە کۆمەڵگا و پراتیکی ئینسان لە کۆمەڵگادا تێیدا تەوەرەیە. ئەگەر کەسێک بیەوێت لێنین و ڕەوشی ئەو (وەک یەک مارکسیستی واقیعی) بناسێ، ئەوا دەبێ لە تێزەکانی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ و فێرکارییەکانی ئەوەوە سەبارەت بە پراتیکی شۆڕشگێڕانە و ئەو ماتەریالیزمەی کە ئەم پراتیکە تێیدا تەوەرەیە بۆ تیڕوانینی جیهان، دەستپێ بکات، نەک لە "پەرەسەندنی سەرمایەداریی ڕووسیاوە."

میتۆدۆلۆژی لێنین، هەمان میتدۆلۆژییە کە بەپێی بنەما، پێویستە هەر مارکسیستێک لێیەوە دەستپێ بکات. ئەمەش شتێکی زیاتر نییە لە وەفاداربوونی بەکردەوەی ئەو بۆ ماتەریالیزمی تایبەتی مارکس. یانی ماتەریالیزمی پراتیک -ماتەریالیزمێک کە دیالێکتیک پەیوەندی پێکەوە گرێدراوی پراتیکی ئینسانی لەگەڵ جیهانی بابەتیدا بەدەست هێناوە. بەم مانایەش میتۆدۆلۆژیی لێنین بە شێوەیەکی گشتی بەدەرە لە هەر جۆرە خۆتایبەتمەندبوونێک، لەچاو مارکسیزمی ئەرسەدۆکسدا. بەڵام کاتێک دەیهێنینەوە یاد کە چۆن تەفسیری ئیسکۆلاستیکی و میکانیکی و دیترمینستی و هاوشێوەکانی بۆ مارکسیزم چەندە ڕەواجێکی فراوانی هەیە. کاتێک کە قەوارەیەکی یەکجار گەورە لە ئەدەبیاتی ڕیڤیژینیستی لەبەرچاو بگرین، کاتێک کە بۆچوونی مەنشەڤیکەکان لە سەرەتای سەدە و بۆچوونەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی کۆتایی سەدەی بیستەم، کە هەموویان بەناوی مارکسیزمەوە دەخرێنە ڕوو، هەموو ئەمانە بهێنینەوە یاد، ئەو کاتەش بەوە دەگەین کە وەفاداری بۆ مارکسیزمی واقیعیی مارکس لە ڕاستیدا یەک تایبەتمەندیی خودییە .ئەم تایبەتمەندییە خودییەی لێنین، لێنینیزم و ئەو مەیلانەیە کە ئاڵای خەباتیان لەدژی لادانی بۆرژوازی لە مارکسیزمدا بەدەستەوە گرتووە.

تایبەتمەندیی ماتەریالیزمی مارکس، ئەوەیە کە پراتیک بە شێوەیەکی گشتی و پراتیکی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی تایبەتی جێگایەکی بڕیاردەری لە تیڕوانین و جیهانبینی ڕەخنەگرانەدا هەیە. ئەوەی مارکس ماتەریالیزمی بۆ خۆجیاکردنەوە لە ماتەریالیزمی کۆن، بە "ماتەریالیزمی پراکتیک "ناو دەبا و بە تایبەتیش وشەی "کومۆنیست" و "ماتەریالیستی پراکتیک" بە هەمان تەریب بەکار دەبات{2}، خۆی نیشانەیەکی ترە بۆ ڕۆڵی میحوەری چەمکی "پراتیکی شۆڕشگێڕانە" لە مارکسیزمدا. دەڵێین چەمکی "پراتیکی شۆڕشگێڕانە"، چونکە مارکسیزم شتێکی واوەتر لە ماتەریالیزم لە فەلسەفە و پراتیکی شۆڕشگێڕانە لە سیاسەتدا نییە. مارکسیزم پراتیکی شۆڕشگێڕانە بە وێنەی چەمک و گاتیگۆرییەکی فەلسەفی، لە تەجریدترین ئاستدا دەباتە نێو ڕەخنە و ئیبستمۆلۆژیاوە. بەم جۆرەش پراتیکی شۆڕشگێڕانە، لەپاڵ دەستەواژەیەکی وەک بابەتی، خودی هەبوون، ناسین و ... هتد. بە وێنەی چەمکی لێکدانەوە دەباتە نێو قووڵترین ئاستی ئەندێشە و بیرکردنەوەوە. پراتیکی شۆڕشگێڕانە، تەنها بانگەوازێکی سیاسی- ئەخلاقی نییە، بەڵکوو یەکێک لە گۆشە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەگرتنە لە فەلسەفەدا. مارکس دەستەواژەی "پراتیک" بە تەوەری ڕەخنەی خۆی لە ماتەریالیزمی کۆن دادەنێ و هەر ئەمەش دەکاتە بەردی بناغەی بوونناسی و زانینناسی و میتۆدناسی لە ماتەریالیزمی تایبەت و جیاوازی خۆیدا.

ماتەریالیزمی کۆن، ماتەریالیزمێکی میکانیکی کە تەنانەت فۆیەرباخیش ڕزگار نەبوو لێی، لە توانایدا نەبوو خۆی لە لێکدانەوەی ڕاوەستاو و میتافیزیکی سەبارەت بە جیهانی بابەتی و بیری مرۆیی ڕزگار کات. لەم ماتەریالیزمەدا لە لایەک جیهانی بابەتی، دنیای هەستپێکراو و "واقیعیەت" هەیە و لە لایەکی دیکەوە، هۆشی مرۆڤ وەک ئاوێنەیەک لەبەرامبەر ئەم جیهانە بابەتییەدایە. جیهانی بابەتی دراوە، لە خودی خۆیدا و لەمیانەی خۆپەرەسەندنیدا، سەرنجی بۆ ئەدرێ و بیری مرۆڤیش وەک لێکدانەوەیەک کە عەکس بۆتەوە، خەیاڵی و کارتێکراوی ئەم جیهانە دەرەکییەیە. مارکس ئەم دووانەییە میکانیکی و میتافیزیکییە تێک دەشکێنێ. بۆ ئەو لە لایەک جیهانی بابەتی خۆی لە هەمان کاتدا بەرهەمی پراتیکی توخمێکی چالاکە و ئەم پراتیکە ئینسانییەش هاوکات خۆی بە هەمان پلە واقیعی و هەستپێکراو و بابەتییە. وە لە لایەکی تریشەوە ڕاستی و دروستی بیرکردنەوەی ئینسانی، یانی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم بیرکردنەوەیە دەتوانێ بەدروستی جیهان و دەوروبەری خۆمان "عەکس کاتەوە" وە یان لێک بداتەوە، لە گرەوی پراتیکدایە. پراتیکێک کە لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە دەست بۆ گۆڕینی جیهان بەرێ و بەم هۆیەشەوە دروستی خۆی بە سەلماندن بگەیەنێ .تا ئەو جێگەیەی کە مەبەست لە جیهانی بابەتی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، مارکس دوو پرۆسەی پەرەسەندن بە شێوەیەکی مۆنیستی و دروست پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی ئینسانییە کە لە ئەڵقەی پراتیکی ئاڵوگۆڕبەخشدا پێکەوە پەیوەند دەگرن. پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەجیا لە پراتیکی توخمی زاتی(چالاک)، لە تواناداا نییە کە ئەم پەرەسەندنە و خودی مرۆڤیش لێک بدرێتەوە و نیشان بدرێ. هەر وەک چۆن ئەم پراتیکە، بەجیا لە جەرگەی کۆمەڵایەتیی خۆیدا ناتوانرێ دەربخرێ و پێناسەی بۆ بکرێ. بەم شێوەیەش مارکس مرۆڤ دەباتە نێو جێگای واقیعی خۆیی و لە مێژووی خۆیدا دای دەنێ. جێگایەک کە ئیتر مرۆڤ بیرکەرەوە و لێکدەرەوەیەکی پاسیڤیستی جیهانی بابەتی نییە، بەڵکوو هێزی ئاڵوگۆڕبەخشی ئەم جیهانەیە. ئیتر هەلومەرجی بابەتی نە کۆتی دیلێتییە و نە کۆمەڵە بڕیارێکە بۆ ئەوەی کۆیلەکان پەیڕەوی لێ بکەن، بەڵکوو هەلومەرجێکە بۆ چالاکیی مرۆیی و زەمینەی ئیختیار و توانای ئەوە. ئەم هەلومەرجە ئاستی مێژوویی توانای ئاڵوگۆڕبەخشی مرۆڤ پێناسە دەکات، بەڵام خودی ئەم ئاستە و ئەم هەلومەرجە لە ڕێگای پراتیکی ئینسانییەوە دەگۆڕدرێت. بەم جۆرەش ئینسان دەگۆڕدرێ بە خوڵقێنەری مێژووی خۆی، ئەمەش لەژێر سایەی هەلومەرجێکدا کە خۆی دیاری نەکردووە. لە ماتەریالیزمی کۆندا مرۆڤ لێکدەرەوە بوو، بەڵام لە ماتەریالیزمی مارکسدا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵوگۆڕبەخش و ئاڵوگۆڕپێدەرە. سەرەڕای ئەمانە لە مارکسیزمدا مرۆڤ لە دیاردەیەکی موجەرەد و خۆی لەخۆیدا، بۆ یەک بوونەوەری کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێ. "خودێتیی مرۆڤ"، خودێتیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ (لە بونیادی کۆمەڵایەتیشدا هەبوونی چینایەتی مرۆڤ) پێناسە دەکرێ. پراتیکی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤ، بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، پراتیکی مرۆڤ وەک ئەوەی بەشێکە لە چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودایە، سەرنجی بۆ دەدرێ.

مارکس بابەتی بیرکردنەوەی پێش خۆی پەسەند ناکات، چونکە بۆ ئەو مەسەلە، گۆڕینی جیهانە، ئەو لە هێرشەکانیدا فۆیەرباخ دەدوێنێ و دەڵێ کە "گرنگیی چالاکیی شۆڕشگێڕانە و پراتیکی- ڕەخنەگرانەی بەدەستەوە نەگرتووە" و ماتەریالیزمێکی کۆن دەلاوێنێتەوە کە وسف و توێژینەوەی "توخمی چالاک"ی بە تەواوی سپاردووە بە ئایدیالیزم- ئایدیالیزمێک کە بەپێی پێناسە توانای دەرککردنی پراتیکی واقیعی نییە.

**درێژەی هەیە...**



**نەوازد عومەر: بزووتنەوەی ناسیونالی کوردی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تاوانبارە بەوەی کە بەشێکە لە پاکێجی ئەمریکی و ئیمپریالیستی، بە تایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان و دواتریش باشوور....**

## دیمانە لەگەل هاوڕێ نەوزاد عومەر نووسەر سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پیکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پیکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەرییەکی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە هەیە؟**

**نەوزاد عومەر:** لەبەر ئەوەی زۆرێک لە پرسیارەکان فۆکسیان خستۆتە سەر ئەمریکا، بە پێویستم زانی باسێکی کورتی مێژوی سیاسی و ئابووری سەرمایەداری ئەمریکا بکەم هەم بۆ ئەوەی وەڵامەکان لۆژیکی بێت و هەم تەقلیدی نەبێت، ئەمریکا هەر لە سالّی 1776 وەک ئیتحادی کۆمەڵە ویلایەتێک پێکەوە، مەرجەعی فیکری سیاسی و ئابوورییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوار قوتابخانەی فیکری... ئەوایش (هامیلتونیزم ... ویلسۆنیزم ... جیفرسۆنیزم و جاکسۆنیزم) ن. ئەساسی فیکری نیولیبراڵیزم و پەلکێشی سەربازی ئەمریکا بەسەر جیهاندا ئەگڕێتەوە بۆ فیکری قوتابخانەی هامیلتونیزمی و ویلسۆنیزمی پێکەوە، ئەمانە بڕوایان وایە دەبێت ئەمریکا کۆنترۆڵی جیهان بکات لە پێناو خزمەتکردنی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە جیهاندا، فەلسەفەو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری ئەمریکا بە جیهانی بکرێت، بۆ ئەمەش پشتیان بە هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیان بەستووە لەرێگەی چەند هاوپەیمانییەکی سەربازی و ئابوورییەوە، بۆ نموونە ناتۆ، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، بانکی ناوەندی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی .... هتد، تەنانەت دارشتنەوەی نەزمی جیهانی جەنگی جیهانی دووەم ئەوەی پێی دەڵێن بریتون وودز لەسەر پاراستنی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری دانرا لەهەر پاشەکشەیەک کە تووشی ئابووری سەرمایەداری بێت لە جیهاندا، بۆ دووبارە نەبوونەوەی پاشەکشەی گەورەی سالّی 1928. یەک قوتبی بە مانا ئابوورییەکەی واتا زاڵبوونی سیستەمی ئابووری نیولیبراڵیزم بەسەر جیهاندا، ئەگەرچی لە ڕووکەش مانای هێزی سەربازی بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەموو ئەو پرۆسە سەربازییانە بۆ خزمەتی ئەو سیستەمە ئابوورییە سەرمایەدارییە، هەموو ئابووریناسێک دەزانێت کە خولی نۆرماڵی بەرهەمهێنانی سیستەمی سەرمایەداری هەر دە ساڵێک دەکەوێتە قەیرانێکەوە، و بە پینەو پەڕۆ یان بەجەنگ چارەسەری دەکەن، تا سەرهەڵدانی قەیرانێکی تر، بەڵام قەیرانەکانی یەک قوتبی نیولیبراڵیزم هێندە گەورەن، ڕەنگە ئەم جارە بە جەنگ و هەناردەکردنی قەیرانەکان بۆ وڵاتانی تر چارەسەر نەکرێت.

هەروەها لە ئێستادا قوتابخانەی جاکسۆنیزم لە بەرامبەر ئەو دوو قوتابخانەیەی کە زیاتر لە سەد ساڵە سیاسەتی ئەمریکا دادەڕێژن لە گەشە سەندندایە لە نێو فیکرو فەلسەفەی دونیای سەرمایەداری ئەمریکا، ترامپ وەک نۆێنەر و هەڵبژێردراوی ئەو قوتابخانەیە ئێستا بووەتە کاریزمایەکی دیاری ئەمریکا و هەوادارێکی زۆری لە ناوخۆی ئەمریکا و لە دەرەوەش هەیە ... ئەمانە بڕوایان بە جیهانگیری و نیولیبراڵیزم و هیچ هاوپەیمانییەک نییە، چونکە پێیان وایە قازانجی ئەمریکا و ئەمریکییەکان لەسەرووی ئەوانەوەیە، ئەمریکاش کیشوەرێکی سەربەخۆیە، سنوورەکانی پارێزراوە بە دوو ئۆقیانووس، لە وشکانیشەوە هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە نە لە سنووری کەنەداو نە لە وڵاتێکی هەژاری وەک مەکسیکەوە، بە لای ئەمانەوە هاوڵاتی ئەمریکی ڕاستەقینەش ئەبێت هەم سپی پێست و ئاین مەسیحی و کۆچبەری ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتین نەبێت، ئەم قوتابخانەیە زۆر ڕاست ڕەون، ئەگەری بردنەوەی هەڵبژاردنی ئەمساڵیان هەیە، و بەبردنەوەشیان زۆر شت لە گۆڕەپانی سیاسی لە دونیادا گۆرانکاری بەسەردا دێت، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەگەرچی جیهانگیری توانی دەیان دیکتاتۆر لە ڕۆژهەڵات لە بنەوە هەڵتەکێنێت، بەڵام سیستەمی ئابووری بازاری ئازاد و بازرگانی ئازاد، ئابووری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا وشک کرد بەتایبەتی کشتوکاڵ، هەروەها نەیهێشت ڕەوتی گەشەکردنی پیشەسازی گەشە بکات، هەژارەکانی زیاتر هەژارتر کرد و دەوڵەمەندەکانیشی زیاتر دەوڵەمەند کرد، سەرباری ئەوەش دەیان کێشەی ژینگەی دروست کردووە. بێگومان ڕۆژهەڵات چەقی کێشەی ساغکردنەوەی کێشە و ململانێکانی نێو وڵاتانی سەرمایەداری جیهانە، هەم بازاری ساغکردنەوەی کالایە و هەم سەرچاوەی دابینکردنی وزەیە بۆ پیشەسازی، وزەش شادەماری جولەی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە. وەک جوگرافیاش چەقی پێکدانانی ئەو هەموو قوتبە تازەی سەرمایەدارییە، چین، ڕووس، تورکیا و ئێرانیش وەک دوو هێزی تازە کە دەرکەوتوون لە گۆڕەپانەکە، لە دونیای ململانێی ئەم هێزانەدا ڕۆژهەڵات سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت مەگەر ئەمانە لە نێو خۆیاندا ڕێکەوتنێکیان هەبێت بۆ دابەشکردنی ڕۆڵ و دەسکەوتەکانیان لەم ناوچەیە، یاخود بەجەنگێک لایەک بتوانی ببێت بەبراوەو لایەکانی تر بکاتە ژێر مەرجەکانییەوە.

**بۆپێشەوە: لە ئێستادا پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە عێراقدا هاتۆتەوە گۆڕی، چۆن دەڕوانە پرسی کشانەوەی ئەمریکاو چ لێکەوتەیەک بەدوای خۆیدا جێ دەهێڵێت؟**

**نەوزاد عومەر:** لە مێژوودا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا شتێکی تازە نییە، ڤێتنام، کەمبۆدیا، ئەفغانستان، نموونەی زیندوو دیارن، هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ هەر ناوچەیەک بۆ بەدەستهێنانی قازانج و جێبەجێکردنی ئەجێندایەکە، نەک مەسەلەیەکی ویژدانی و ئازادی و سەربەستی گەلانە وەک ئەوەی ئەو دەزگا زەبەلاحە ڕاگەیاندنانەی سەرمایەداری بانگەشەی بۆ دەکەن، کشانەوەش بێگومان هەر هەمووی نابەسترێتەوە بە شکستەوە، بێگومان ئەوە هەمووی لە زمنی سیاسەتی ئەمریکایە دێت و ئەڕوات و بەستراوە بە قازانج و زیانی خۆیەوە، بەڵام کێشەکە غیابی فیکر و بیر و حیزبی پێشکەوتوخوازە لەم ناوچەیە، کە ماوەی سەد ساڵە بوەتە مۆڵگەی بەرهەمهێنانی بیری توندڕەوی ئاینی و نەتەوەیی، لە بوونی ئەمریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان هەموویان لە ژێر کۆنترۆڵی خویدا بوون لە غیابی خۆیدا گەورەترین هەرەشە دەبێت بۆ هەموو بزووتنەوە لیبراڵ و دیموکراسی و مرۆڤدۆستەکان، وە بە تایبەتی بۆ مەسەلەی کورد زۆر ترسناک ئەبێت، چونکە بزووتنەوەی ناسیونالّی کوردی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تاوانبارە بەوەی کە بەشێکە لە پاکێجی ئەمریکی و ئیمپریالیستی، بە تایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان و دواتریش باشوور.

**بۆپێشەوە: لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، باڵانسی هیز لە عێراقدا بە سودی بۆرژازی عێراقی و بەزیانی بۆرژوازی کورد گۆڕاوە و تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنوردار کردۆتەوە، چۆن دەڕوانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**نەوزاد عومەر:** لە ڕاستیدا لە فۆرمۆڵەی دارشتنی ئەم پرسیارەدا کۆمەڵێک کێشەی فیکری هەیە، ئەوەی ئێوە پێیان دەڵێن بۆرژوازی عێراقی و کوردی هیچ سیفەت و خەسڵەتێکی بۆرژوازی لە پێکهاتەکەیاندا نییە، بۆرژوازی دەستەواژەیەکی مێژوییە، بەرهەمی شۆرشێکی کۆمەڵایەتییە کە کۆی چەمکەکانی ژیان دەگۆرێت بۆ قۆناغێکی گەشەکردوتر لەسایەی زانست و فیکردا. دروستترە بەو نوخبەیە بڵێین ئۆلیگارشیی.. ئەم ئولیگارشییانە دەرئەنجامی ئەوەی کە پێی دەڵێن چارەسەری شۆکی نیولیبراڵیزم وەک دۆمەڵان لەژێر زەوییەوە هەڵدەقولێن، بە قودرەتی قادر لە ماوەی شەوڕۆژێکدا دەچنە نێو لیستی دەوڵەمەندەکانی دونیاوە، چارەسەری شۆکی نیولیبراڵیزم- العلاج بالصدمة النیولیبرالیة: یەکێکە لەو فەلسەفە ئابوورییە دیارانە لە نێوان شانۆی ئابووریی جیهاندا لەپاش جەنگی جیهانی دووەم، دارێژەری ئەم ستراتیژییە ئابووریناسی ئەمریکی میلتۆن فریدمانی کۆچکردووە کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئابووری بوو، ئەم ستراتیژییە کار لەسەر قۆستنەوەی ڕوداوە ترسناکە دوور مەوداکان دەکات، وەک کودەتای سەربازی. هێرشی تیرۆریستی، دارمانی بازار و جەنگ و کارەساتی سرووشتی، ئەم ئابوورییە سیاسییە دلرەقە کار لەسەر ئەو شتە شاراوانەی کۆمەڵگە دەکات کە لەبارودۆخی ئاساییدا ڕەتی دەکرێتەوە، ئەم سیاسەتە ئەو شتانە لە خۆدەگرێت وەک،

> **سەرمایەداری هەر دە ساڵێك دەكەوێتە قەیرانێكەوە، و بە پینەو پەڕۆ یان بەجەنگ چارەسەری دەكەن، تا سەرهەڵدانی قەیرانێكی تر، بەڵام قەیرانەكانی یەك قوتبی نیولیبراڵیزم هێندە گەورەن، ڕەنگە ئەم جارە بە جەنگ و هەناردەكردنی قەیرانەكان بۆ وڵاتانی تر چارەسەر نەكرێت...**

> **ڕۆژهەڵات چەقی كێشەی ساغكردنەوەی كێشە و ململانێكانی نێو وڵاتانی سەرمایەداری جیهانە، هەم بازاری ساغكردنەوەی كاڵایە و هەم سەرچاوەی دابینكردنی وزەیە بۆ پیشەسازی، وزەش شادەماری جوڵەی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە...**

دابەزاندنی بەهای دراوی ناوخۆ و زیادکردنی باج، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و بە تایبەت کردای سەروەت و سامانی گشتی و دەیانکاتە نێچیرێک لە ژێر ڕەحمەتی لۆژیکی دابینکردن و داواکاریدا، جیاوازی لە کارکردنی ئەم فەلسەفەیە ئابوورییە لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا لەو ئەزموونانە وەرگیراوە کە زانا دەروونناسەکان لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر ئەو نەخۆشانە ئەنجامیان دەدا، ئەو ئەزموونە دەروونییانەش بریتی بوو لە بەکارهێنانی شۆکی کارەبایی بەمەبەستی گۆڕینی مێشکی نەخۆشەکە بۆ لاپەڕەیەکی سپی بۆ قبوڵکردنی ئەوەی کە پێشتر ڕەتی دەکردەوە، لە مێژوودا ئەم ستراتیژییە لە چەند وڵاتێکدا جێبەجێکرا وەک شیلی، ئەرژەنتین، بەرازیل، ئەندۆنیسیا، ڕوسیا و تورکیا تەنانەت لە عێراق و کوردستانیشدا. لە نێو ئەوانەی کە ئەم ستراتیژییە قێزەوەنەیان لەڕێگەی سەربازی و کودەتاوە جێبەجێکرد و زۆر دیارن لە مێژوودا. ئۆگیستۆ بینۆشی لە شیلی و سۆهارتۆ لە ئەندۆنیسیا. لە بەشی زۆری حاڵەتەکاندا ئەم فەلسەفەیە کارەکانی بوونە هۆی زیادبوونی برسییەتی و ناهاوسەنگی چینایەتی، کە دەرئەنجام دەبێتە هۆی تێکچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. زۆر جوان ئەو نوخبە ئۆلیگارشییە لە عێراق و کوردستان دەبینین لەشەو ڕۆژێکدا کە خاوەنی هیچ نەبوون ئێستا فرۆکەی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەم نوخەیە لە هەموو جیهاندا ئەبنە ئەندام لەیانە سەرمایەدارییەکانی جیهاندا، وەک یانەی پاریس داڤۆست و جی 7 و جی 20، کار دەکەن وەک یەک چینی سەرەوەی ئابووری جیهان لە پێناو پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری لە بەرامبەر هەر قەیرانێکی ئابووری جیهانی.

ئەوەی ئەگەر مێژوی عیراق و کوردستانی خوێندبێتەوە دەزانێت، ڕەوتی گەشەسەندنی بەرهەمهێنان لەم ناوچەیە ڕەوتێکی نۆرماڵ نەبووە، هەر لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتەوە تا ئینتیدابی بەریتانی و قۆناغی دەوڵەتی نەتەوەیی عروبی و تا داگیرکردنی ئەمریکا، شتێک لە دایک نەبووە ناوی بۆرژوازی بێت ئەوەی لە دایک بوو ئەو ئۆلیگارشییە عێراقی و کوردییە، کە نەوەی هەمان ئاغا و بەگ و سەرۆک خێڵ و مەلا زادە و شێخەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانین، هەمیشە بە درێژای مێژوو لەهەر قۆناغێکدا هەڵگری ناوێک بوونە بۆ خزمەتکردنی بێگانە و دەستکەوتی تایبەتی خۆیان، سەردەمێک خزمەتکاری سەدر ولعەزەم بوون سەردەمانێک بە ناوی دژایەتی ئیستعمار و شەری ئینگلیزیان کردوە بە ناوی شۆرشی بیستەوە تا بتوانن دەسکەوتی زیاتر بۆ بنەماڵەکانیان بەدەست بهێنن، لە سەردەمی قاسم و بەعسییەکانیشدا ئەگەر چی یاسایەک هەبوو بە ناوی ڕیفۆرمی زەوی کشتوکاڵی، بەڵام هەر ئەو ئاغا وبەگ و شێخانە بوونەوە بە خاوەن زەوییی و نەوە بەنەوەش پلەداری سەربازییەکانی دەوڵەتە یەک بە دوای یەکەکاندا لای ئەوان بووە، لە سەردەمی سیستەمی نیولیبرالیزمی ئەمریکاش لە پاش داگیرکردنی عێراق ئەم نوخبەیە بە ناوی موعارەزەی عێراقییەوە هەر یەکە لە وڵاتێکەوە کۆکرانەوە، بوونە دەوڵەتمەداری عیراق بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندایەی کە بریمەر پێی ئیمزاکردن. لە بەرامبەردا شەرەف و ئیمتیازی ئۆلیگارشیان پێدرا لە لایەن ئەمریکاوە، بۆ زانیاریتان بۆرژوازی چینێکە سەرمایەکەی لە بەرهەمهێناندا بەدەستهێناوە و لە بەرهەم هێنانیشدا گەشەی پێدەدات، ئەمانە مشەخۆرن سەرمایەکەیان بە جەردەیی و دەستەبەسەراگرتنی موڵکی گشتیدا لەژێر ناوی وەبەرهێناندا کۆکردۆتەوە، تەنانەت خودی پەرلەمانەکەشیان دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئۆلیگارشی. سەرمایەکانیان هێندەی خزمەتی گەشەکردنی ئابووری لە دەرەوەی وڵات دەکات، یەک لە هەزاری ئەوە لە ناوەوە خزمەت بە گەشەی ئابووری ناوخۆ ناکات. بەرژەوەندیان یەکە و تێکەڵە، ئەگەر ناویان کوردی بێت یان عێراقی، هەرێمی کوردستان بۆ هەموو نوخبەی ئۆلیگارشیی عێراق بە سونەو شیعەشەوە وێستگەی ئیسراحەت و پلاندانی سپیکرنەوەی پارە ڕەشەکانیانە، ئۆلیگارشی کوردی سی ساڵ لە ژێر ناوی دەوڵەت نەتەوەدا، نەیان توانیوە سیستەمێکی سیاسی ئابووری تەندروست بۆ کوردستان بەرهەم بهێنن، بۆ ئەوانەی عێراقیش هەروایە تەنها ئەوەندەیە لە عێراقدا داهاتی نەوت بە گوێرەی یاساکانی بریمەر بۆ مووچە و دانەوەی قەرزەکانی عێراق تەرخانکراوە، بەڵام لە کوردستان بە جۆرێکی تر، ئەم ئاڵوکۆرە تەنها ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک ململانێی ئەقلیمییە دەرئەنجامی بێهێزبوونی دەسەڵاتی ئەمریکایە لە ناوچەکە، بەڵام هەموو ئەم ئۆلیگارشیانە یەک بەرژەوەندی و یەک چارەنووسیان هەیە، وەک بڵقی ئاو خۆیان و سامانەکەیان لە ناو دەچن لەگەڵ لە ناوچوونی ئاغاکانیان، مێژوو شاهدی ئەو دەرئەنجامەیە.

**چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان ناڕەزاییی دەردەبڕن، بەڵام دەسەڵات بەدەم ناڕەزاییی و داواکانیانەوە نایات، گەڕانەوە بۆ دادگای فیدراڵی شێوەیەکی تری ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانە و کارێکی دیموکراتییە...**

**بۆپێشەوە: گوشارە بەرەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**نەوزاد عومەر:** لەڕاستیدا نە دەستوور نە فیدرالیزم بەرهەمی گەشەسەندنی فیکری نەک خەڵکی عادی، بەڵکو نوخبەی عێراقیش نییە، ئەمە ئەو فۆرمە ئەمریکییەیە کە هەردوو مەدرەسەی فیکری (هامیلتونیزم ... ویلسۆنیزم) لە ژێر ناوی بە جیهانگیریکردنی فەرهەنگی ئەمریکا ئیشیان لەسەر کردووە لە عێراقی پاش سەدام حوسێن جێبەجیان کرد، لەگەڵ شکستی ئەو قوتابخانەیە دەستور وفیدرالیزمیش شکست دێنێ. گومانی تێدا نییە خەونی هەموو کوردێک لە فیدرالیزم زیاترە و، لە بەرامبەردا هیچ عێراقییەکی غەیرە کوردیش لە یەکەم ڕۆژەوە فیدرالیزمیشی بەڕەوا بۆ کورد نەزانیوە و قبوڵیشیان نییە، ئەو دەرئەنجامەش پەیوەستە بە شکست و سەرکەوتنی ئەمریکا لەم ناوچەیە.

**مووچە خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکات، بازار دەجوڵێنێت هەلی کار دروست دەکات و هەموو چین توێژێك لێی سوودمەند دەبێت، کێشە کۆمەڵاتییەکان کەمتر دەبێتەوە، خۆشگوزەرانی دروست دەکات، ئینجا کێ دەینێرێت ماڵی ئاوا، دەهۆڵی دڕاوی کوردایەتیی لەبەرامبەر مووچەدا دەنگی زۆر نزمە ناگاتە پێش قاچی خۆیان..**

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**نەوزاد عومەر:** پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت ئەگەر زانیت ئەزم، ئەگەر نەتزانی دزم، حکومەتی هەرێم وەک وتمان بەرهەمی یەک جەمسەری و جیهانگیری و ئابووری نیولیرالیزمی سەرمایەداری پاش شەری سارده، چۆن دروستیان کرد مەبەستیان بۆ ئایندە لە هەرێمێک زیاترە، ئەو وەڵامە لای ئێمە نییە، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم پێیان زیاتر لە بەڕەکە ڕاکێشا. یاری مشک و پشیلەکە لە قازانجی پشیلەکە لەم گێمەدا تەواو بوو بۆ گێمەکانی تر نادیارە، بینیمان پاش ڕیفراندۆم شتێک نەما ناوی دۆستی کورد بێت هەموو شکستێکیان خستە ئەستۆی کورد، کوردیش پێی وابوو شەری داعش بەسە بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆی لاقی درێژ کات، خوێندنەوەی هەڵەیەکی سیاسی و تێنەگەیشتن لە تەرازووی هێز لە جیهاندا بەم ئەنجامەی گەیاند. ئێستا هەرێم ناچارە کە بڵێت ئەزم و عێراقیم، بگەڕێتەوە بۆ دەستور، کە خودی دەسەڵاتدارانی هەرێم لە هەموو کەس زیاتر دەستوریان پێشێلکردوە، لە ناشەفافیەتی داهاتی نەوت و خاڵە گومرکەکان و داهاتی ناوخۆ، هەروەها تەجروبەی هەرێم بۆ خەڵکی کوردستان تەجروبەیەکی زۆر موشەرەف نییە، هێندە خەڵک لەو ناعەدالەتییە نارازییە، پێ ناچێت خەڵکی کوردستان ئیتر زۆر ئایندەی هەرێمی بەلاوە گرنگ بێت، قووتی ڕۆژانەی ئەبێتە ئەولەویاتی ژیانی، لە ناچاری و بێڕەحمی و بێئینسافی ئەم دەسەڵاتە پەنا بردن بوو بۆ دوژمن وەک حەکەم، ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ ئایندەی هەرێم زۆر جێگەی نیگەرانییە.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟**

**نەوزاد عومەر:** لەراستیدا پرسی نەتەوەیی کورد ڕاستەوخۆ بەستراوە بە پەیماننامەی لۆزانەوە، دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە، بەبێ گوێدانە داواکاری و حەزی خەڵکەکەی کە هیچی کەمتر نییە و نەبووە لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵات، لە ڕاستیدا کۆنترین نەتەوەو ئەسڵترین ڕەگەزی ئەم ناوچەیەیە، چارەسەری ئەو پرسە بەستراوە بە قازانج و بەرژەوەندی زلهێزەکانەوەوە زیاتر، تا ئێستاش ئەو پرسە پرسێکی بۆمباوییە لە ناوچەکە، دەسەڵاتی ناوەند دەسەڵاتێکی پانشیعیزمە، مافی نەتەوەی بوونی نییە لە قاموسی شیعەدا، چەند جمهوری ئیسلامی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بەڕەوای دەزانێت، ئەوانیش هەر ئەوەندە، بەڵام باشوور واقعێکە فەرز بووە، خراپی دەسەڵاتی کوردی لە هەموو کەس زیاتر بەرپرسیارە لەئایندەی پرسی نەتەوەیی و ئیستغلالنەکردنی ئەو هەلە مێژوییە.

## درێژەی دیمانە لەگەڵ هاوڕێ نەوزاد عومەر

**بۆپێشەوە: لەم دوایانەدا دادگای باڵای فیدرالی چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە... بڕیاری لابردنی کورسی کۆتاکان، بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بڕیاری بە یەک بازنەیی کردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیاری دابەشکردنی موچە لەلایەن بانقە ناوەندیەکانی عێراقەوە... چۆن دەڕوانە ئەو بڕیارانە؟ ئەم بڕیارانە چ کارگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم و چینی کریکار و خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**نەوزاد عومەر:** من پێم وایە ئەو بڕیارانە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، چونکە چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان نارەزاییی دەردەبڕن، بەڵام دەسەڵات بەدەم نارەزاییی و داواکانیانەوە نایات، گەڕانەوە بۆ دادگای فیدارالی شێوەیەکی تری نارەزایەتی خەڵکی کوردستانە و کارێکی دیموکراتییە، کارێکی نایاسایی نییە، چونکە ئێمە بەشێکین لە عێراق. سەبارەت بە کورسی کۆتا، کورسی تایبەت کردن بۆ کۆتا لە پەرلەماندا جۆرێکە لە مەسئولیەتی دیموکراتی بەرامبەر بە کەمینە، بەڵام ژمارەی یانزە کورسی بۆ کەمینەکانی کوردستان واتا ڕێژەی دە لەسەدی خەڵکی کوردستان. ئەمەش دوورە لە راستی ژمارەی کەمینەکان لە کوردستان، پاشان ئەوانە نۆێنەری کەمینە نەبوون و هاوسەنگی هێزی سیاسی کوردستانیان بە ئاراستەیەکی نێگەتیف برد، زۆرێک لەو کێشە سیاسی و ئابوورییانەی ئێستای کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی ئەو کورسییانە، لە ڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی کارێکی زۆر باش بوو، چونکە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان دەکەوێتە سەر سکەیەکی تەندروست و هاوسەنگی هێز ڕاستدەکاتەوە، کەمینەکانیش ئیتر دەتوانن نۆێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بن، لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە ناکاتە حاشاکردن لە مافی کەمینە، بەڵکو ڕاستکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی کوردستانە.

بۆ لە عێراق فرە بازنەیی دروستە و لە کوردستان یەک بازنەیی دروستە ئەمە ئەو دژوارییەی هەندێک حیزبی کوردییە لە کوردستان، لەڕاستیدا دەبێت هەر شارەو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەری شارەکەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان، ئەمەش لەڕاستیدا هەم زیاتر خزمەت بەپروسەی دیموکراتی دەکات، هەم هەژمونی حیزبی بچووک دەکاتەوە، هەم ڕێگەش بۆ کەسی بێلایەن دڵسۆز دەرەخسێنێت دەنگی بگاتە پەرلەمان، هەروەها کۆمسێونی هەڵبژاردنی کوردستان خاوەن باگراوندێکی خراپە، سەرپەریشتی کردنی لە لایەن عێراقەوە پرۆسەکە زیاتر دەکاتە جێگەی متمانە، تەزویر کەم دەکاتەوە. بێگومان مووچە خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکات، بازار دەجولێنێت هەلی کار دروست دەکات و هەموو چین تۆێژێک لێی سوودمەند دەبێت، کێشە کۆمەڵاتییەکان کەمتر دەبێتەوە، خۆشگوزەرانی دروست دەکات، ئینجا کێ دەینێرێت ماڵی ئاوا، دەهۆڵی دڕاوی کوردایەتیی لەبەرامبەر مووچەدا دەنگی زۆر نزمە ناگاتە پێش قاچی خۆیان، وەک فارس وتەنەیی ئەو قەوانە گوزەشت، ئەو باوکەش مرد.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی هەژموونی سیاسی و بریار بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا دەسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێم هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بە بەغدا نییە، چ رێگاچارەو ئەڵتەرناتیفێک پێویستە؟**

**نەوزاد عومەر:** پایەی دەوڵەتی نەتەوەیی واتا ئابووری نەتەوەیی... لە سیستەمی نیوڵیبرالیزمی جیهانیدا ئابوورییە نەتەوەییەکان لە پاشەکشەدان، چونکە هێزی کێبرکێی کاڵای دەرەوەیان نییە لە بازاری ئازاددا، هەم وەک نرخ هەم وەک کوالیتی، هەرێم خاوەنی ئابوورییەکی تۆکمە نییە، ئەو ئابوورییە ریعییە نەوتییەی کە شانازیان پێوە دەکرد، خراپترین جۆری ئابوورییە لە جیهاندا. وڵاتێکی وەک سعودییە لە ئێستادا بەدوای ئابوورییەکی بەدیلی نەوتدا دەگەڕێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم نەک لە ئابووری ریعیی نەوتدا شکستیان هێنا، ڕەنگە سەری هەرێمەکەش بخوات، تەنها ڕێگەو چارە و ئەلتەرناتیفێکی دروست کە لە بەردەستدا بێت، متمانەی خەڵکی کوردستانە بە هەرێمەکەی، گۆرانکارییە لە تەرازووی هێز لە هەڵبژاردنی مانگی شەشدا، گۆرانکاریی دەسەڵاتە بۆ گەڕاندنەوەی ئیرادەو متمانەی خەڵک و بەدەستهێنانی متمانی دەرەکی بە پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان.

## درێژەی دوا وتە

کۆمەڵەی زەحمەتکیشانیش کەوتنە بەر ئەو پەلامارەو ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانیان گیانیان لەدەستدا.

ئەم ڕووداوە لە هەلومەجێکدا پێکهات، کە دنیای بەرژەوەندخوازی سەرمایەو سەرمایەداری لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی عێراقدا بێدەنگەیان هەڵبژارد و چاویان لەو کردەوە ئینسان کوژییە بە کۆمەڵە نوقاند.

ئێستا کە ٣٦ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕیت، وە لەکاتێکدا کە هێشتا زامی هەڵەبجە زامێکی هەتوان... نەکراوە، تاوانی قڕکردنی شەنگال لە ساڵی ٢٠١٤دا، کەلەلایەن داعشەوە ئەنجامدرا، نەک هەر زامی قوڵی کارەساتی هەڵەبجەی کولاندەوە، بەڵکو هاوکات دیسان ڕۆڵی حزبەکانی بۆرژوازی کوردیشی نیشان دایەوە، کە هەمیشە بەشێکی بەشدارن لەو تاوانانەدا. ئاخر پێشتر دەزانرا داعش ڕووبکاتە هەر سەرزەمینێک حکومی خودا و قورعان بەسەرە نیزەی ئیسلام دادەسەپێنێ، بەڵی لەوەها حاڵەتێکدا کە هێزێکی زۆری پێشمەرگەو زێرەڤانی لەو شارە بوون، لەگەڵ هاتنی داعش رایان کرد، بێئەوەی راکردن یان پاشەکشە!!ی خۆیان بە جەماوەر رابگەیەنن تا ڕێوشوێنی خۆدەربازکردن بگرنە بەر و ئەو کارەساتە دڵهەژێنە بەدوای خۆیدا نەهێنێ. بەڵی خەڵکی شەنگالیان بەدەستی بەستراوەوە بۆ هیزە دڕندەکانی داعش بەجێ هێشت، کە بووە هۆی کوشتاری بەکۆمەڵ، ئیغتیساب و سەربڕین، ڕفاندنی هەزاران کەس و بەتایبەتیش ژنان و پاشانیش کڕین و فرۆشتن کردن بە ژنانی دەستبەسەرکراوەوە. ئەم تاوانەش، ئەو ڕاستیەی خستەوە ڕوو، کە بەجیا لە دڕندەیی ڕژیمی بەعس و هاوشێوەکانی، بەجیا لە دڕندیی داعش و هاوشێوەکانی، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوبەشی ئەو تاوانانەن و تاوانبارن. تاوانباری ئەم حزبانە لەم ڕووداوانەدا، هەر کاتی تاوانەکە نییە، بەڵکو دواتریش لەدرێژەی بەشدارییان لە تاوانەکاندا، دەست لە تاوانباری بەرنادەن. کەیسی هەڵەبجە و شەنگال و دۆسیەی هەموو کارەساتەکانی تر دەکەنە ڕێگا و بەردەبازی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان. وەکو کارت و سەرمایە بۆ سات و سەودا لەگەڵ لایەنە تاوانکارەکان و وڵاتە چنگ خوێناویەکانی پشتیان و ناوچەکە... بەدەستیەوە دەگرن.

لەوەش واوەتر لەژێر ناوی ئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەوەیدا، ئەو ناوچە و شوێنانە دەکەن سەرچاوەی دزی و تاڵانی. هەموو ساڵێک یادی کارەساتەکە دەکەنە بەخشینەوەی بەڵێن، بەڵام لە دنیای واقعیدا، خۆیان لەهەموو بەرپرسیارییەتیەک دەدزنەوە. ئەوەی کەدوای ٣٦ ساڵ، هێشتا تۆمەتبارانی بەشدار لەو تاوانکارییەدا نەدراونەتە دادگاو لێپرسینەوە، هێشتا ژمارەیەک لەو تۆمەتبارانە ئازادن یان بەپرسی حزبین، هێشتا پرسی بە جینۆساید ناساندنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەشوێنی خۆی نەگەیشتووە، هێشتا دەوڵەتی عێراق ناچار بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی نەکراوەو خۆی لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە بێدەنگ کردووە، هێشتا بە وردی نازانرێ ژمارەی کوژراوەکانی هەڵەبجە چەند بووە؟ چەند بریندار بووە؟ چەندی ژن و منداڵ، یان پیاو بەتەمەن بووە؟ ژمارەی ونبووەکان چەندە؟ چەند کەس لە بریندارەکان گیانیان لەدەستداوە؟ ژینگەی هەڵەبجە و ئاو و هەوای ئەو ناوچەیە چ کاریگەرییەکی ئەو کیمیایەی لەسەرە؟ دەیان پرسیاری تر... دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی و جەماوەرییەوە. لەوانەش واوەتر، سەرباری بەخشینەوەی ئەو هەموو وادەو بەڵێنانە، هێشتا هەڵەبجە و زیندووەکانی هەڵەبجە، لە دۆخێکی نەخوازراودان، هێشتا سیمای شارێکی ئەم سەردەمە بە هەڵەبجەوە نابینرێ. هێشتا جادەو ڕێگاو بان، پارک و ڕێژەی سەوزایی، شوێنی سەرگەرمی بۆلاوان و تازە لاوان، ئایندەیەکی ئینسانی بۆ بەساڵاچوان... نابینرێ.

بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە، نەک نەیتوانیووە، دەردە بێئەژمارەکانی هەڵەبجە دەرمان بکات، بەڵکو ئەم بڕیارە چونکە خودی دانیشتوانی هەڵەبجەو خزمەتکردنیانی ئامانج نییە، چونکە لەراستای قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و بەرەوابینینی بە پارێزگاکردندا نییە، بۆیە هێشتا بریندارانی هەڵەبجە بەدەست زامی هەڵەبجەوە دەناڵێنن. هێشتا کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە دەکرێنە چاوچنۆکی دەسەڵاتێکی مافیایی و ژیان و گوزەرانیان شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمە نییە. هەڵەبجە تا ئەو شوێنە لای دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی پیرۆزە، کە وەکو سەرچاوەی سواڵی سیاسی، سواڵی داهات، سواڵی زەلیلی لەبەردەم نەیارانیاندا، پیشان بدەن.

ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ خەڵکی قەسابی کراوی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی، بەردەوام زامەکانی خەڵکی کوردستان دەکولێنێتەوە. ئەم ڕەفتارو مامەڵەیە، هەمیشە تاوانەکان بە زیندووی دەهێڵێتەوە. خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی تریش خەڵکی تاوان دیدەی هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستان، نابێت هیچ جۆرە خۆشباوەڕییەکیان بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەڵێنە پوچەکانیان هەبێت. پێویستە بە هێز و ئیرادە نواندنی خۆیان کەیسی هەڵەبجە لەدەستی ئەو حزبانە دەبهێنن و خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، بۆ بەدادگا کێشانی تۆمەتباران، بۆ بەجینۆساید ناساندنی لەئاستی کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتیدا، بۆ ناچارکردنی دەسەڵات لەبەغدا بۆ قەرەبووکردنەوەیان، تا هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی ژینگەی هەڵەبجە و بەتەنگەوە چوونی بریندارانی هەڵەبجە تیبکۆشن و لەو خەباتەشدا ئوردوی جەماوەری ئازادیخوازو ئینسان دۆست و بە پشتیوانی سەرەکی خۆیان بزانن. لەگەڵ ئەو ئۆردووەش بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی تیبکۆشن کە هەم لەتاوانی هەڵەبجەدا لەپاڵ ڕژێمی بەعسدا تۆمەتباران و هەم دوای کارەساتی هەڵەبجەش، بە درێژەدان بە ستەم و بێمافی و چاونووقاندن لە تۆمەتباران، تاوانبارن....

**ناوەراستی مارسی ٢٠٢٤**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، وریای رەسام، نەوزاد عومەر عەلی، خالید بایەزیدی، میرۆ عبدالکریم، کاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود, کاکەلاو تەحسین،جەماڵ نوری، بەندی عەلی، توانا حەمە نوری. نەجمەدین فارس...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# هەڵەبجە قوربانی دەستی بەعس و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە!

عەبدوڵا مەحـمود

١٦/٣ ئەمساڵ ٣٦ بەسەر تاوانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت. بەسەر تاوانکارییەکدا کە تیایدا بە هەزاران ئینسان لە چاوتروکانێکدا، لە کیمیایی هەڵکێشران و ژیانیان لێ سەندرایەوە. تاوانێک کە هەموو بوونەوەرێکی ژەهراویکرد و ژینگەی سیغناغ کرد لە ژەهر.

ئەم جینۆسایدە جەرگبڕە، لە کاتێکدا ڕوویدا کە جەنگی عێراق و ئێران لە کۆتاییەکانی خۆی نزیک دەبووەوە، لە کاتێکدا ڕوویدا کە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو حزبەکانی، لە ململانێی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی فاشیستی بەعس، پاڵیان بە رژێمی ئاخوندەکانی ئێرانەوە دابوو تا لەو ڕیگایەوە بەشی دەسەڵات لە رژێمی بەعس وەربگرن. وە لەو چوارچێوەیەدا بوونە پێش لەشکری پاسدار و هێزەکانی کۆماری مەرگ و خوێن بۆسەر هەڵەبجە. ڕژێمی بەعسیش کە دەستی لەهیچ تاوانکارییەک لەدژی ئازادیخوازان لە عیراق و خەڵکی شۆرشگێری کوردستان نەدەپاراست، پێش لەشکری هێزەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کردە پاساو و بیانوو بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە. سەرئەنجام لەم تاوانە دڕندانەیەدا بە هەزاران ئینسانی بێتاوان بوونە قوربانی و گوردانێکی

بۆ لاپەڕە 12

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند کاوان قادر




# جیاوازی.... بەندی عەلی

هەتا ماوم لە خەونیشدا
بە ڕێتاندا گوزەر ناکەم ..

کە زەمتان زایەڵەی زەنگەو
بەموو, سڵ لە خەتەر ناکەم

عەباتان حەریری روح بێ
بۆ یەك ساتی لەبەر ناکەم

کلاّوتان تەوقی ئیخفا بێ
بۆ مەرگیشمی لەسەر ناکەم
لەبێ شەرمیی ئێوە پرسێك
قەت لەقوسری قەدەر ناکەم

ئەی ئەوانەی نانی وشکم
بە ئابرووی ئێوە تەڕ ناکەم ..

ئەبەد ژەهری هەنگی هەجوم

لە ئێوەدا, هەدەر ناکەم ..

کەسەردەمتان هەر زەرەر بێ
لەوە زیاتر زەرەر ناکەم ..
لەئەهلی بێ ئەسڵی ئاوا
چاوەڕێی چارەسەر ناکەم ..

بێ حەوجەتی حەیان بێ شك
کەستانی لێ بەدەر ناکەم .

## خالید بایەزیدی (دلیر)

١-
باکم نییە
ئەگەر دنیا ببێت بە سەهوڵ بەندان
ئەوە گەرمای ئەشقی تۆیە
کەتەواوی قەندیلەکان
ئەتوێنێتەوە

٢-
شەو لە نیگای ژنێك دا
خەوی لێ دەکەوێت و
کازیوەی بەری بەیانیش
لە سپێتی چاوەکانیدا
هەڵدەستێ

٣-
ژن و ئاسمان
لەیەك ئەچن
کاتێ ساماڵ
کاتێ باران
کاتی وایشە
کۆلکە زێڕینەیە
لە باوەشی کێودا

٤-
کۆمەڵگەی پیاو سالار
بە شمشێرەکەی ذوالفەقار
ئاواتی ژنان
سەر دەبڕێت
هەر کامیان
بە تاوانی پشکووتن

٥-
ئاسمانی بارانی بەهاری
ئەو هەموو خەم وپەژارەیەی
لە کام دایکی وڵاتەکەم
بە میرات وەرگرتووە
کە ئاوا بەڕێژنە دەباریت

٦-
شیعر پاڵی بە دەرختەوە داوە
تاکوو لە ئارامی دارستاندا
خۆ ڕاگرترین شیعر
بۆ هەژاران بڵێ

٧-
کرێکارێك
هەموو ئێوارەیەك
کراسێکی سپی لەبەر دەکرد
پەڵە هەورێکیش
بە کراسەکەی خەریکی
بارانیکی بە ڕێژنە بوو

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

